# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکــراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) دەریدەکات
ژمارە (١١) ٢٠١٠/٨/١٣



ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە

# کتێبخانەی گشتیی ئاغجەلەر کرایەوە





**شۆڕش ئەمین**

ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٨ بەئامادەبونی بەڕێزان بەرێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان‌و بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەرو بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی چەمچەماڵ‌و نوێنەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی‌و ژمارەیەك لەمیوانان و گەنجانی ناوچەکە، کتێبخانەی گشتیی ئاغجەلەر کرایەوە.

بەڕێز ئاسۆ حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانەکان بەم بۆنەیەوە وتی "ئەم کتێبخانەیە بە هەوڵی بەڕێوەبەری ناحیە بینایەکی بۆ تەرخانکراوە لەگەڵ چەند فەرمانبەرێك بەشێوەیەکی کاتی، تا کارمەندی پێویستییان بۆ دادەمەزرێت".

هەروەها وتی "ئێمە بەهاوکاریی بەڕێوەبەری کتێبخانەی چەمچەماڵ توانیمان ئەمڕۆ بەخۆشحاڵییەوە ئەم کتێبخانەیە بکەینەوە، لێرەوە سوپاسی ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی CSI و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەکەین کە لە(٣٠) گوندی ئەم ناوچەیە کتێبخانەیان کردۆتەوە، هەروەها سوپاسی بەڕێز شاڵاوی عەلی عەسکەری ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە خەمخۆرانە یارمەتی کتێبخانەی ناوچەکانی خۆیانیان داوە".

شایانی باسە، هەمان ڕۆژ ئامادەبووان سەردانی کتێبخانەی گشتیی گۆپتەپەیان کرد کەلەقۆناغی ئامادەکردندایە بۆ کردنەوە.

لەوسەردانەدا ئامادەبووان لەگەڵ بەڕێزان بەڕێوەبەری ناحیەو خاتوو (سوعاد ئیسماعیل) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، باسیان لە بەرنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان کرد کە گرنگیدانە بەکردنەوەی کتێبخانەی گشتی لەسەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستانداو بایەخدانی زیاترە بەپرۆسەی خوێندنەوە.

# سارا مێرکاردۆ لە گۆشەی ئەمریکی

ڕۆژی ٨/١ لە گۆشەی ئەمریکیی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دوو کۆبوونەوە بۆ(سارا مێرکاردۆ) کارمەندی دیپلۆمات لە ڕێکخراوی RRT (تیمی ئەمریکیی بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی) بە ئامادەبوونی ٢٨ خوێندکاری(قوتابخانەی مید) سازکرا.

بەڕێز سۆران سەردار کارمەندی گۆشەی ئەمریکی بە(ئاسۆی کتێبخانە)ی ڕایگەیاند:

لەیەکەمیاندا خاتوو سارا زانیاری سەبارەت بەگۆشەی ئەمریکی لە کتێبخانەدا پێشکەش بەخوێندکارەکان کرد.

لەدووەمیشیاندا نوێنەری ڕێکخراوەکە گفتوگۆی لەگەڵ هەرسێ بەڕێز (سیروان غەریب‌و دانا ئەسعەدو ئومێد عەلی) سەبارەت بە سەردانی ٢٨ ڕۆژەیان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردو ناوبراوان بەچڕی باسیان لە سەردانەکەو ئەو زانیارییانە بۆ ئامادەبووان کرد، کە لەوێ وەریانگرتووە.

# لەم هەفتەیەدا کۆنگرەی جیهانیی کتێبخانەکان دەبەسترێت

**القبس**

بڕیاروایە لە ڕۆژانی ١٠-١٥ی ئەم مانگە، حەفتاو شەشەمین کۆنگرەی جیهانیی کتێبخانەکان لەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەو دامەزراوە کتێبخانەییەکان(ئیفلا)ەوە لەشاری (گوتنبرگ)ی وڵاتی سوید ببەسترێت.

سەرچاوەیەك لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە ڕایگەیاند، سەنتەری (ئیفلا)ی تایبەت بە کتێبخانە عەرەبییەکان لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی دەکات.

جێگری بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئەوەشی وت، سەنتەرەکەمان وەرگێڕانی دەستبەجێی چالاکییەکانی کۆنگرەکە ئەنجام دەدات.

هەر لەم کۆنگرەیەدا، کە جەخت دەکاتە سەر کێشە هاوچەرخەکانی جیهانی کتێبخانەکان، گۆڤاری(ئیفلا ئێکسبرێس ٢٠١٠) ڕۆژانە تەرخانە بەکۆنگرەکە، دەکرێتە عەرەبی.




# پێشانگایەکی کتێب لە کەلار

**خەرامان**

بەهاوکاریی نێوان دەزگای نارین‌و کتێبخانەی گشتیی کەلار، ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٧ پێشانگایەکی گەورە لە کتێبخانەدا کرایەوەو ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام بوو.

لەم پێشانگایەدا کە چەندین دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ناوخۆو دەرەوە بەشداربوون، چاپکراوە کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزییەکان خرانە بەردەستی خوێنەرو کڕیاران‌و داشکاندنیش بە ڕێژەی ٢٠٪ تا ٤٠٪ بوو.

## پێشنیازێک

## بە دوای کۆنفرانسدا

بۆ یەکەمجار لە ١١-١٣ی تەمموزی ڕابردوو، کۆنفرانسێکی فراوان بۆ ڕەوشی کتێبخانە گشتییەکان سازکراو ئەوەی بەشداربووبێت تیایدا هەستی بەو گەرموگوڕییە دەکرد کە لە ئاخافتن‌و سەرنج‌و گفتوگۆی هەمواندا بەدی دەکرا.

بەڵام، لە کوردستانی خۆمان دەیان بۆنەو کۆنفرانس بەڕێوەدەچن‌و سەدان باسی گرنگ دەخرێنە ژێر تیشکی وتووێژو تەنانەت ڕاسپاردەو بڕیارەوە.

لەگەڵ هیوای زۆرمدا بە ڕازونیازی بەشداران‌و ڕاسپاردەکانی دوارۆژ، بەڵام دەکرێ لێرەوە خەمخۆرانە بپرسین:

ئاخۆ کەی کاری جددیی دەکرێت بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان؟ پاشانیش ئایا خەونە ڕەنگاڵەییەکانی دۆستانی کتێب لەکوردستاندا دێنە دیی، کەبەلای ئێمەوە گرنگترینیان بریتین لە:

دروستکردنی کتێبخانەی گەورە لەشارەکانداو کتێبخانەی گونجاو لە شارۆچکەکاندا، داهێنانی سیستمی پۆلێنی یەکگرتوو بە کتێبخانەی کوردیی، کردنەوەی خوێندنی زانکۆیی تایبەت بە زانیارییەکان‌و کتێبخانە، دەستگیرۆیی کتێبخانەکان لەرووی بودجەو چاپەمەنی‌و ئامێرو هەموو پێداویستیەك کەببنە هۆکاری پێشوازیی هامشۆکەر بۆ کتێبخانەکانمان.. ئەمانەو هەموو ئەو پێشنیازو ڕاسپاردانەی بوونە کۆتایی کۆنفرانسەکە، بەو هیوایەی لەکۆنفرانسی دووەمدا، بەرامبەر بەدیهێنانی هەموو ڕاسپاردەکان، یان بەشێکیان، هەناسەی شادمانیی هەڵبمژین.

**سەرنووسەر**


کتێب
خوێندنەوە
2


سەرمایەی
مارکس
3


پۆلێنی
کتێبخانەی
کۆنگرێس
8

# کتێب خوێندنەوە

**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

هەرچەندە وەك دیاردەیەکی رژد لە کۆمەڵگای ئێمە تەماشای خوێندنەوەی کتێب ناکرێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێت کۆمەڵگایەکی بێ خوێندنەوە کۆمەڵگایەکی پڕ گرفتە، گرفت سەرتاپا دەگرێتەوە هەر لە پێوەندییە کەسایەتییەکانەوە تا باڵاترین شێوەکانی پێوەندی، ڕێژەی خوێندنەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕێژەیەکی شەرمئامێزە، ئەگەر ڕێژەی خوێنەرانی کتێب لە وڵاتەکانی ئەوروپا بریتی بێت لە خوێندنەوەی هەر تاکێك بۆ ٣٥ کتێب لە ساڵێکدا و تاکێکی ئیسرائیلی لە ساڵێکدا ٤٠ کتێب بخوێنێتەوە، ئایا دەبێ کۆمەڵگای کورد لەو ڕێژەیەدا شوێنی لە کوێ بێت، هیچ تیراژێکی کتێبی کوردی نییە خۆی زیاتر لە ١٠ هەزار دانە بدات، لە کاتێکدا کچە نووسەرێکی تورکی بە ناوی (ئەلیف شەفەق ) کە فرسەخێك لە ئێمەوە دوورە کتێبی (عیشق)ەکەی زیاتر لە٢٥ جار چاپ کراوەتەوە و تا دوایین چاپی کە من لە ئەستەمبوڵ کڕیم ٣٠٠ هەزار دانەی لێ چاپ کراوە، ئەمە تەنیا نووسەرێکی سادەی تورکیایە، دەیان نووسەری تری وەك ئەو هەن کتێبەکانیان چەند بارە چاپ دەکرێنەوە. ڕەنگە یەکێك بێت بڵێ "تۆ چۆن تورکێکی ٦٠ تا ٨٠ ملیۆنی بەراورد دەکەیت لەگەڵ میللەتێکی ٦ ملیۆنی کورد لە کوردستانی عێراق" ڕەنگە ئەمە بیانوویەکی بەجێ بێت، بەڵام خۆ ئەگەر بڕوانینە ژمارەی میللەتێکی وەك هۆڵەندا کە تەنیا ١٥ ملیۆنن، هەر تاکێکی ئەوان بە گەورە و پیر و منداڵەوە ٢٠ کتێب لە ساڵێکدا دەخوێننەوە.

ئەگەر بڕوانینە کتێبە نایابەکەی (ئەلبەرتۆ مانگۆیل) بە ناونیشانی "مێژووی خوێندنەوە" تێدەگەین کە خوێندنەوە و پرۆسەی خوێندنەوە بە گرفتی زۆردا ڕۆیشتووە، لە یۆنانییەکانەوە دەست پێدەکات، بەڵام مێژووی دێرینی خوێندنەوەی پشتگوێ نەخستووە، باس لە ئیمپراتۆری چینی (شیهوانگ تی) دەکات کە بڕیاری داوە هەرچی کتێب هەیە بیسووتێنێ‌و ویستی خوێندنەوە نەهێڵێت، پاشان لە کتێبی "چۆن کتێبێك دەخوێنیتەوە"ی نووسەر مۆرتیمەر ئادلەر باس لە شێوازی فێربوونی خوێندنەوە دەکات، دەڵێ "خوێندنەوە،چوونە لە تێگەیشتنێکی کەمەوە بۆ تێگەیشتنێکی زۆر"*

کەواتە بەراوردکردنی کۆمەڵگای ئێمە بە کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەوانەی دەوروبەرمان جێگەی شەرمە، زۆربەی دەزگاکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوە بە دەست کەڵەکەبوونی کتێبەوە دەناڵێنن، کتێبفرۆشەکان بە دەست بێ بازاڕی و کەمفرۆشیەوە ، کتێبخانەکان ئەوەندەی جێگەی چاوپێکەوتن و یەك بینینن ئەوەندە جێگەی خوێندنەوە و خۆشەویستی کتێب نین، تەنانەت



ئەلیف شەفەق



ئەلبەرتۆ مانگۆیل

نووسەر و ڕۆشنبیرانیش ئەوەندە ڕوو ناکەنە کتێبخانەکان.

هۆکاری تری کەم خوێندنەوە شێوەی چاپ و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی کتێبە بە خوێنەر، گەر بڕوانینە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەبینین لە چاپکردنی کتێب، دەزگاکان لە ماوەی ١٠ ساڵدا لە یەك هەزار کتێب زیاتریان چاپ نەکردووە، ئەمە سەرەڕای خراپی کوالیت و شێوەی چاپ و دیزاینی دواکەوتوو، چاپەمەنییەکانیش تا ڕادەیەك بەرپرسیارن بەرامبەر بێ زەوقی خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێبەکانیان، پاشان گرفتی نەبوونی ریکلام و پڕوپاگەندە بۆ کتێب لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەرخان نەکردنی هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و بینین بۆ بانگەشە کردن بۆ کتێبە نوێییەکانیان و دانانی بودجەیەك بۆ ئەو مەبەستە هۆکارێکی تری سستی بزووتنەوەی خوێندنەوەن لە کوردستان.

لەسەر چ شۆستەیەك، لە قەدپاڵی چ باڵەخانەیەك ریکلامی کتێبێکمان بینیووە، دەیان ریکلامی جل وبەرگ و ئاو و ئوتێل و مۆبایل و جلوبەرگ دەبینین، بەڵام کەسمان چاومان بە یەك ریکلامی کتێبێك ناکەوێت.

پێویست بوو مانگانە کتێبخانەکان و دەزگاکانی گرنگیدەر بە کتێب، کۆرس و خولی تایبەت بەجۆشدانی خوێندنەوە ساز بکەن، کتێبخانەی شاهانەی هۆڵەندی ساڵانە بەلایەنی کەمەوە دەیان کۆڕ و سیمیناری تایبەت بە بزوتنەوەی کتێب و خوێندنەوە و ڕۆشنبیری ساز دەکات، هەر شارەو بوودجەی تایبەتی بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە.

چەقبەستنی کتێبخانە دەوڵەمەندەکان لە شارەکان و نەبوونی هەندێ شارۆچکە بۆ کتێبخانەی دەوڵەمەند ئەویش هۆکارێکی ترە و ڕۆڵی خۆی هەیە، ، پاشان بۆ زیاتر بزواندنی حەزی خوێندنەوەی کتێب پێویست بوو کتێبخانەی مۆبیل هەبێت، لە هەندێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کتێبخانەی مۆبیل هەیە، ئەم کتێبخانانە بە پاسێکی گەورەی پڕ لە کتێبەوە ڕوو دەکاتە ئەو شارانەی دوورە دەستن، یان ئەو گەڕەکانەی لە کتێبخانەکانەوە دوورن ، لەوێدا کتێب دەدرێ بەو کەسانەی ئارەزووی وەرگرتنی کتێبیان هەیە، دیارە ئەمەش بە پێی پرنسیبی کتێب خواستن کتێب هێنانەوە.

بۆیە خوێندنەوە پرۆسەیەکە دەبێ کاری بۆ بکرێت، با کۆمەڵگاکەت لە ڕووی پەروەردە و بڕوانامەوە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بێت، بەڵام هاندانی خەڵك بۆ خوێندنەوە ئەرکێکە دەکەوێتە سەر دەرەوەی خودی تاکە کەس، ڕاستە پرۆسەی خوێندنەوەی کتێب شێوەیەکە لە کاراکتەر و ئارەزوو، بەڵام ئەم کاراکتەر و ئارەزووە دەکرێ لە منداڵییەوە دروست بکرێت، لە ڕێگەی خێزان و قوتابخانەوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە.

*http://www.questia.com/PM.qst?a=o&d=978814

# کتێبخانەو چەند یادگارێکی شیرین

**ڕێوار ئیدریس**

هەردەم لەساتە سەخت‌و دژوارەکانی وڵاتدا گەنجانی خوێنگەرم‌و وشە دۆستی کوردستان لە شاردا پەنایان بۆ کتێبخانە دەبرد، هەتا لەو ڕێگەیەوە کەمێك لە کەفوکوڵی ناخی گەرمیان دابمرکێنەوەو ئاسودەییەك بچێژن کە داگیرکەری بەعسی لێی زەوت کردبوون.

کتێبخانەی گشتیی شاری سلێمانی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بووبووە لانکەی بێ نەوایی گەنجانی خوێندەواری شارو بوو بووە سەلوایەکی ئارام بۆ هەستانەوەی ڕۆحی نەتەوەیی‌و نیشتمانی ناخیان، ئێمەی لاو یان تازەهەڵچووی ئەو سەردەمە وەك خانەقایەکی پیرۆزی مانەوەی وشەی کوردی لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی–مان دەڕوانی‌و هەمیشە وەك ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری بەچوونمان بۆ کتێبخانەی گشتیی، ئەوێمان کردبووە بەرخودانی زمان‌و کەلتووری کوردستان.

دڵنیام پێش ئێمەش سەدان لاوی سەردەمی خۆی هەر وەك ئێمە تامەزرۆی وشەی کوردی بوون‌و کتێبخانەیان بە مانەوەی وشەو کلتووری کوردی زانیوە، تەنها چوونمان بۆ ناو هۆڵی خوێندنەوەی ئەو کاتەی کتێبخانە بەس بوو بۆ هەست کردن بە ئاسوودەیی، تەنانەت زۆرجار دانیشتنمان لە حەوشەکەی پشتەوەیدا لە هەموو شوێنێك لا خۆشترو پیرۆزتر بوو.

گەڕانی دەستی لە ناو چەکمەجەی ناونیشانی کتێبەکاندا ئەوەندە خۆشبوو، زۆرجار وامان لێهاتبوو نیوەی ناونیشانی کارتەکانی ناو ئەو چەکمەجانەمان لەبەر کردبوون، زۆرجاریش داوامان دەکرد کە ڕێگەمان پێ بدەن کتێبێك ببەینەوە ماڵێ، کە ڕەزامەندییان دەنواند هەر لەبەردەم کتێبخانەی گشتییەوە تا ماڵەوە کتێبەکەمان بەتوندی بەدەستەوە دەگرت‌و هەتا ئەوێ بە قیتبوونەوە دەرۆشتین بەڕێگادا، تامی بردنەوەی ئەو کتێبە ئەوەندە شیرین بوو ناتوانم وەسفی بکەم، بەڵام دەمزانی من چەند شادمانم کتێبێك دەبەمەوە ماڵەوە ..

چوونە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی تەنها بۆ ئەوە نەبوو خۆویستانە شتێك بخوێنینەوەو تەواو، نەخێر، هەر یەکێك لە ئێمە ئەگەر لاپەرەیەکیشی خوێندبێتەوە ئەوا لە حەوشەکەیدا یان لەناو هەیوانەکەی بۆ یەکدیمان باس دەکردو بەگوێی دڵ زەینمان دەدایە قسەکانی یەکدی.

لەو سەردەمانەدا تاڵی‌و شیرینی ئاوێزانی ڕۆحمان ببوو، لەلایەك شیرینی ژوانی هاوڕێیانی کتێبخانەو لەلایەکی دییەوە تاڵی‌و سوێری زوڵمی بەعسییە داگیرکەرەکان کە هەمیشە دەمانزانی چاوێکیان لەناو کتێبخانەی گشتییەو چاودێری ئێمەی تازە هەڵچووی تەمەن دەکەن، هەتا بزانن چی دەکەین‌وچ دەخوێنینەوەو تەنانەت لەگەڵ یەکدیش چ باسێك دەکەین!

ئێمە کۆمەڵە لاوێك بووین هیچمان لە ڕێکخستنێکی حزبیدا نەبووین، بەڵام هەمیشە خۆمان بە پێشمەرگە دەزانی، نەماندەزانی بەتەوای چەند حزبی کوردی هەیە بەڵام ئەوەی لەودیو جادەی شەستییەکەوە بووایە خۆشەویستمان بوو، نەماندەزانی پێشمەرگە چەندن‌و لەکوێن، بەڵام هەموویان لە ناخماندا بوون.

پیرۆزی ئەم کتێبخانەیە لەوەدابوو هەموومانی کردبووە خوێنەری هەمەجۆر، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کتێبەکانمان وەردەگرت، هەر برادەرێکمان باسی کتێبێکی بکردایە یەکسەر پاش ئەو، ئێمەش دەمانخوێندەوە.

ئەوەندە یادگارییەکانی ئەو سەردەمەی کتێبخانە شیرینن، ئەوەندە ئازارەکانی ئەو ڕۆژگارانەش تاڵن، ناتوانم لە نووسینێکی وا کورتدا بەیانیان بکەم، لێرەدا سڵاو بۆ ئەو هاوڕێ ئازیزانەم دەنێرم لەو ساتانەدا کە ڕۆحمان کردبووە یەکوڵە خانەقای کتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا دەسنوێژی هاوڕێیەتمان گرتبوو، کە تا ئەمڕۆش بەخۆشحاڵییەوە نەشکاوەو ناشکێت، بەڵام ڕۆژگار لەیەکدی دابڕاندووین، ئەوانەی کەلەیادم بن براکانم (عیرفان ئەحمەدی شاعیر، ئاکۆ کەریمی چیرۆکنووس، تەهای ئەحمەد ڕەسوڵی چیرۆکنووس، حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵی شاعیرو نووسەر، ئەحمەد ڕەزای شاعیر، کاك هیوا قادری شاعیر، دکتۆر هەندرێن محەمەد ڕەشیدی ڕۆشنبیر، شەهید ئەبوبەکر عەلی شاعیر، ئاوات ئەحمەدی شاعیرولێکۆڵەر...)و ژمارەیەکی دی ئازیزان کە بەداخەوە ڕۆژگار ناوەکانیانی لەبیر بردوومەتەوە، سڵاو لە هەموویان کە لێیانەوە سەردەمێکە دوورم.

لەکۆتاییدا سوپاس‌و ئەمەکداریم بۆ سەرجەم کارمەندانی ئەو سەردەمەی کتێبخانەی گشتیی شارەکەم‌و دەستخۆشی بۆ ئەوانەی ئێستا، هەر ئاوەدان بێت تاکە سەرچاوەی مانەوەو پاراستنی کەلتوورو زمان‌و مێژووی کوردستان، واتە سەرجەم کتێبخانەکانی وڵات.



هۆڵی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی/١٩٨٥

## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

**د. فەرهاد پیرباڵ**

# پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان‌و کوێستانمە



لەتیف هەڵمەت

دیوانە شیعرێکی لەتیف هەڵمەتی شاعیرە، وابزانم ساڵی (١٩٧٦) بوو کەوتە بازاڕەوە.. قومبەلەیەك بوو کەوتە ناو چێژو ئەدەبیاتی ساڵانی حەفتای کوردستانی عێراقەوەو سەرجەم تێگەیشتنی منی بۆ شیعر داتەکاند.

لەو ساڵانەی دوای (١٩٧٤)دا شیعری کوردی سێ جۆر بوو:

١–هەندێ شاعیر هەر بەو شێوازو دیدی کامەران موکری‌و ع. ح. ب و دیلان‌و هەردی دەیاننووسی (کە ئەوانیش لاساییکارێکی سواوی عەبدوڵڵا گۆران) بوون.

٢–هەندێ شاعیر بە بەکارهێنانی ڕەمزی تەلزەعتەرو فەلەستین‌و لۆمبۆمباو لەژێر پەردەکانی دیکەی تەمومژو سەرلەخۆشێواندندا پەلەقاژەیان بوو ونەیاندەگەیاندین بە هیچ.

٣–هەندێ شاعیری دیکەش، لەژێر کاریگەریی شاعیرانی عەرەبی (شیعر)دا هەوڵیان دەدا تاك‌وتەرا شتێکی تا ڕادەیەك تازە، شێوازێکی تا ڕادەیەك ڕەسەن، دیدێکی تا ڕادەیەك تازە بخەنە دەفری شیعری کوردییەوە.

لەو ناوەدا، لەتیف هەڵمەت، بە بڵاوکردنەوەی دیوانی (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان‌و کوێستانمە..) سەرنجی هەموو ئەم شاعیرانەو سەرنجی هەموو خوێنەرانی شیعری کوردیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، تەنانەت سەرنجی زۆربەی ڕەخنەگرەکانیشی لە بەستێنی ڕەخنەی شیعری کوردیدا، بە کۆنەخوازو نوێخوازەکانەوە، بە مارکسی‌و ناسیونالیستەکانەوە، بە پیرو لاوەکانیشەوە، بە نیشتمانپەروەرو بەعسییەکانیشەوە، بەئەکادیمی‌و نائەکادیمییەکانیشەوە، بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئەو تەقینەوە شیعری‌و سەرکەوتنە هونەرییەی لەتیف هەڵمەت هێندە بەزەبرو کاریگەر لە هەموو کوردستاندا دەنگی دایەوە کە وای لێ هات کاتێ دیوانی پاشتری ناوبراو بە ناونیشانی (گەردەلوولی سپی) خەریك بوو بکەوێتەوە بازاڕەوە، خەڵك (بەتایبەتی لە هەولێرو سلێمانی‌و کەرکووك) دەچوون، پێش ئەوەی نوسخەکانی تەواو ببێ، ریزەیان دەگرت‌و لەلای کتێبفرۆشەکاندا خۆیان ناونووس دەکرد بۆ ئەوەی چڵێك لەکتێبەکەی لەتیف هەڵمەتیان دەست بکەوێت، بەهەر نرخێك بێ!

(پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان‌و کوێستانمە..) دیوانە شیعری لەتیف هەڵمەت جورئەت‌و جەسارەتی لێوە فێر بووم. داڕژانی ئەو هەست‌و نەست‌و سۆزە شاعیرانەیە، کە دەتگووت تاڤگەیەك چۆلەکەی دیدی پەڵکەزێڕینەییە.. شیعر بوو!

(پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان‌و کوێستانمە..) دیوانە شیعری لەتیف هەڵمەت، لێکتر مارەکردنی سێ خولگەی جوان بوو: بیری چینایەتی‌و کوردایەتی‌و تاکگەرایی (ئێگزیستانسیالیزم)، کە من پێشتر نەمدیبوو هیچ شاعیرێکی هاوزەمانی لەتیف هەڵمەت، بەو شەفافیەت‌و شێوازە ڕەسەنەوە ئەم کارە بکات.

دیوانی ناوبراو لەو کتێبانەیە کە نموونەیەکی جوانە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە دەڵێن: "تێکستی باش ڕەخنە دروست دەکات.. نەك بەپێچەوانەوە".

کەواتە، من واتێدەگەم ئەگەر ئەو دیوانە شیعرییەی لەتیف هەڵمەت نەبووایە، ئەوا ئەو گفتوگۆ دەوڵەمەندو جەنگە ڕەخنەییە بەبڕشتەش دروست نەدەبوو کە بە وتارو توێژینەوە بەپێزەکانی ئازاد عەبدولواحید، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (بەیان)و (ڕۆشنبیری نوێ) دەستی پێکردو.. بە دروستبوونی چەند تێگەیشتنێکی ئێستاتیکیی جیاوازو تازە کۆتایی پێ هات لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا: بەرەو پێشڕەوایەتی..

(پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان‌و کوێستانمە..) دیوانە شیعری لەتیف هەڵمەت.. ئەمڕۆ هەرچی تێبینییەکیشم لەبارەیەوە هەبێت.. بەڵام گەوێکی زیندووی توندو تۆڵ بوو لەنێوان تێگەیشتنی کۆن‌و نوێی منی ئەوسا بۆ شیعر.

# یادگارەکانی ئەدیبێکی گەورە دەهێنرێنە کتێبخانە



کاکەی فەللاح

لە پێناو نرخاندنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو بەرز ڕاگرتنی ناوو یادو یادگارەکانی شاعیرو ڕۆژنامەنووسی نەمر کاکەی فەللاح (١٩٢٨–١٩٩٠)، بەدەستپێشخەریی چیرۆکنووس ئارام کاکەی فەللاح، کتێبەکانی مامۆستا کرانە دیارییەکی بەنرخ بۆ بەشی کتێبخانە شەخسییەکان.

کاک ئارام بەئاسۆی کتێبخانەی ڕاگەیاند: "ئێمە وەك نەوەکانی کاکەی فەللاح، مەبەستمان بوو کتێبخانەکەی بکەینە دیاری بۆ ئەم دامەزراوە گرنگەی شارەکەمان کە باوکمان بەچاوی ڕێزو بایەخەوە لێی دەڕوانی، بەهیوایین ببێتە مایەی سودوەرگرتنی خوێنەرانی".

هاوکات لەگەڵ کتێبخانەکەیدا، لەسەر داوای بەڕێوەبەرێتیمان شتە شەخسییەکانی کاکەی فەللاح کرانە دیاری، تا لە هۆڵی چالاکی منداڵاندا کە بەناوی خۆیەوەیەتی بخرێنە بەرچاو، ئەوانیش چاویلکەو قەڵەمو دەستنووسو نموونەی ڕۆژنامەی ژینو هەندێ شتی دیکەن.




وێنەیەك لەدەستنووسەکانی کاکەی فەللاح

شایەنی باسە کتێبخانەکە بریتییە لە سەدان کتێبی بەنرخی کوردیو عەرەبیو گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی.

**بەهۆی سەفەرکردنی مامۆستای بەڕێز (پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول) بۆ دەرەوەی وڵات ئەم ژمارەیە گۆشەکەی بەڕێزی (ئەم کتێبە) ناخرێتە بەرچاو.**

**ئاسۆی کتێبخانە**

## لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی موبارەك لەقاهیرە

**محەمەد تاهیر پیران**



سەرەتا کتێبخانەی (موبارەك) لە قاهیرەی پایتەختی میسر، ساڵی ١٩٨٥ وەك سەنتەرێکی NGO دامەزرێنراوە، لەئێستاشدا بەتەنیا لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی میسرییەوە کۆمەك دەکرێتو خودی وەزیری ڕۆشنبیریی ئەو وڵاتە سەرپەرشتیی دەکات.

لەبینایەکی سێ نهۆمیدایە کە بۆ کتێبخانەکە دەستکاریی کراوەو گونجێنراوە بۆ هامشۆی خوێنەرانیو دەکەوێتە سەر ڕوباری نیلو نزیك زانکۆی قاهیرەیە.

ئەم کتێبخانەیە پەیوەندیی کارای لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی خێرخوازیی وڵاتانی دەرەوەدا هەیە، ئەنجومەنێك سەرپەرشتیی دەکات کە کەسێکی دیپلۆمات سەرپەرشتیارێتی.

لەئێستادا ئەم کتێبخانەیە وەك کتێبخانەی گشتیی، چەندین لقی لەشارەکانی تری میسردا هەیەو کتێبخانەی موبارەك ستافی کارمەندانی ٦٠ کەسەو بیستیان پسپۆری بواری کتێبخانەو زانیارییەکانن، هامشۆکەرانیش زۆربەیان ناسنامەی تایبەت بە بەشداریی کتێبخانەیان هەیەو بەپێی تەمەنیان ساڵانە بڕێك پارە بەرامبەر بەشدارییان لە کتێبخانەدا دەدەن.

**خواستنی کتێب**

سەرجەم تاچنەکانی(رفوف) سەرچاوەکان واڵایە لەبەردەم خوێنەرانداو بەپێی سیستمی خواستنی کتێبخانەکە، هەرکەسە دەتوانێ پێکەوە پێنج کتێب بخوازێ بۆ دەرەوەو ماوەی خواستنیش دوو هەفتەیە.

دیارە ڕۆژانەش بۆناو هۆڵەکانی خوێندنەوە، خواستنی ناوخۆیی بەردەوامە.

**بەشەکانی کتێبخانەکە**

– هامشۆکەر کە سەردانی ئەم کتێبخانەیە دەکات، لەسەرەتادا ڕێی دەکەوێتە پرسگە کە ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ ڕێنماییو هاوکاری کردن.

– دوای ئەو بەشی پەیوەندییەکانە کە کاروباری کتێبخانەو دەرەوەی ڕێکدەخات، لەگەڵ هاوکاریی هامشۆکەرانی.

– ئینجا بەشی منداڵان دێت کە بەشی مێرد منداڵانیش لەخۆ دەگرێت.

– بەشی خواستن.

– بەشی ژێدەر(المراجع).



– بەشی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت، کە بەکتێبخانەی هاوچەرخ ناودەبرێت.

– بەشی خولاوەکان.

– بەشی بیستنو بینین.

– بەشی خولاوەکان

لەگەڵ بەشی چالاکییەکان، کە ئەمانە دەگرێتەوە(وۆرك شۆپ، هۆشیاری ژینگەیی، هونەری وێنەکێشان، موزیكو گۆرانیو شانۆ، پێشبڕکێی هونەریو ڕۆشنبیریی، نیشاندانی فیلم، خولی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزیی).

هەرچەندە باری ئابووریی میسر لای هەموان زانراوە، بەڵام سەرپەرشتیو خزمەتی ئەم کتێبخانەیە بەشێوەیەکە خوێنەران سوودمەندن لێی، هەرچۆن خودی کتێبخانەکە بەسەرجەم لقەکانیەوە بەتۆڕی ئەلیکترۆنی پێکەوە گرێدراونو بەردەوام پەرە بەکارەکانیان دەدەن.

لەسەردانی ئەم کتێبخانەیەدا، بینیم سەرجەم کارمەندانی پەرۆشی کارەکانیانو هاوکاریی یەکتر دەکەن، داتاو کاری ڕۆژانەیان بەپێی سیستمی ئەلیکترۆنی دەڕواتە ڕێوەو ڕێك دروشمەکەی خانمی یەکەمی میسر(سۆزان موبارەك)جێبەجێ دەکرێ کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر وتویەتی"خوێندنەوەو کتێب بۆ هەمووان".

* سەرۆکی کۆمەڵەی کتێبخانەو زانیارییەکان/ هەولێر.

# ئەو (١٠) کتێبەی جیهانیان هەژاند

## سێیەم: سەرمایە

**ئا. ڕاستی**



کارل مارکس

لەشێوەننامەکەیدا بۆ کارل مارکس، فریدریك ئەنجلس وتویەتی"بەر لە هەموو شتێك مارکس شۆڕشگێڕبووە، ئامانجی مەزنی ژیانی هاوکاری کردن بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریو دامو دەزگاکانی.."، ئەو یاریدەدەرو خوێندکارەی، کە دڵسۆزترین هاوڕێشی بووە، ئابەوشێوەیەو بەکورتی باسی لەژیانی ئەو یاخیبووە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەی کردوە.

مارکس لەسەردەمێکی پڕ لەئاژاوەدا لەدایك بووە، سەردەمێك پڕاوپڕ لەنیگەرانیو یاخیبوون، شۆڕشی فەڕەنسا لەیادەوەریدا زیندوو بووەو شۆڕشێکی دیکەش بەڕێوەبووە، ساڵی ١٨٤٨ ئەو حاڵەتە گۆڕراوە بەهێزێکی گەورەو لە ئەوروپا شۆڕش بەرپابووە، تەنانەت لەئینگلتەرە بزوتنەوەی کرێکاران داوای بەشدارییان کردوە لە سیاسەتی وڵاتداو هەڕەشەیان لەمیری کردوە. لە هەموو شوێنێك لەپێناوی خراپ مامەڵەکردنی کرێکاران فشار بەکارهێنراوە، هەروەها بۆ نەهێشتنی پاشماوەی دەرەبەگایەتی، ئەو سەردەمە تەواو لەباربووە بۆ بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکانی کارل مارکس.

مارکسی لاو یاساو فەلسەفەی لەبۆنو بەرلین خوێندوە بەوهیوایەی ببێتە مامۆستا، بەڵام بەهۆی بیروڕا سیاسییەکانییەوە دەرگای لەڕوودا داخراوە. پاشتر ڕوویکردوەتە ڕۆژنامەنووسیو ساڵی ١٨٤٢ ڕۆژنامەیەکی نوێی دامەزراندوەو بووەتە یەکەمین نووسەریو پاشان بووەتە سەرنووسەری، بەڵام بەهۆی ئاراستەی سەرچڵانەی ڕۆژنامەکەو هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر حکومەتی بورسیا بەر لەپڕکردنەوەی ساڵێك، داخراوە.

مارکس بەمەبەستی توێژینەوەی سۆشیالیزم







چووەتە فەڕەنساو لەوێ نووسیویەو دیارترین نوێنەرانی بیری سۆشیالیزمو کۆمۆنیستیی ناسیوە، دیارترین ڕووداوی ژیانیشی هاوڕێیەتی بەستنی بووە لەگەڵ فریدریك ئەنجلسو هەموو ژیانیان بەهاوڕێیەتی ماونەتەوە، ئەو ئەڵمانییەکی تاڕادەیەك دەوڵەمەندبووەو لەپشتیوانانی بیری سۆشیالیزم بووە، ئەنجلس بنچینەی کتێبی(سەرمایە)ی مارکسی لە ١٨٤٥دا دارشتووە.

هاوکات لەنووسینەکانی تریدا هانی کرێکارانی داوە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەناوجەرگەی سیستمی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخدا، تا چینە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر شۆڕشی کۆمۆنیزم بلەرزنو کرێکارانیش جگە لەکۆتو پێوەندەکانیان، چی تریان لەکیس ناچێت، داوای لە کرێکارانی جیهانیش کردوە یەکگرن.

مارکس خۆیو خێزانەکەی لە دەربەدەریو برسێتیدا لە لێواری مەرگ نزیك بوونەتەوەو هەموو جارێکیش هەر بەیاریدەدانی ئەنجلس ژیاونەتەوە. لەونەبوونیو نەخۆشییەدا، لە لەندەن ڕۆژانە شانزە سەعاتی لەمۆزەخانەی بەریتانی بردوەتەسەر بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە بۆ کتێبی(سەرمایە). گەر ماوەی نەخۆشیو سەرقاڵی بەنووسینی دیکەوەی لێ دەربکرێت، ئەوا زیاد لە ١٨ ساڵ بەنووسینی ئەو کتێبەوە خەریك بووە.

ئەنگلسی نووسەری هاوکاری بەرامبەر تەواوکردنی کتێبەکە ڕەشبین بووە، تەنانەت گوتوویەتی"ئەو ڕۆژەی کتێبەکە دەچێتە چاپخانە، ئەوا خۆم مەست دەکەم". هەردووکیشیان بە کتێبی"نەفرەتلێکراو" ناویان بردوە.

کۆتایی ساڵی ١٨٦٦ (سەرمایە) تەواو بووەو دەستنووسی بەرگی یەکەمی نێردراوە بۆ هامبۆرگ، لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا بەزمانی ئەڵمانی چاپی تەواو بووەو دوای بیست ساڵیش کراوەتە ئینگلیزیو ساڵی ١٨٧٢ کراوەتە ڕووسی.

ئەنجلس سەبارەت بەهاوڕێکەی وتویەتی"هەرچۆن داروین یاسای گەشەسەندنی لە سروشتی ئۆرگانیزمدا دۆزیوەتەوە، بەهەمان شێوە مارکس یاسای گەشەسەندنی لە مێژووی مرۆییدا دۆزیوەتەوە".

**سەرچاوە: پاشکۆی(اوراق)ی ڕۆژنامەی المدی**

# ئاشنابوون بە بنەماکانی نووسین و خوێندنەوە

**و. کوێستان جەمال**

لیۆناردۆ دافنشی چەندین بەهرەی هەبوو، لەوانە توانستی خوێندنەوەو نووسینی ئاوێنەیی (mirror-writing) بەڕەوانی. زۆربەی خەڵکی بەئەستەم دەتوانن وەها کارێك ئەنجام بدەن، بەڵام بەڵگەیەکی نوێ دەریخستووە، زانینی وێنە ئاوێنەییەکان بەهرەیەکە منداڵان خۆڕسکانە چێژی لێوەردەگرن. لە کۆڕی حەوتەمی ئەوروپا کە بۆ زانستی کۆئەندامی دەمار لە ئەمستردام بەسترا راگەیەنرا، فێربوونی خوێندنەوە پێویستی بەسیستمی بینین هەیە، لە مێشکدا دەکەوێتە بەر چەندین گۆڕانکاریی بنەڕەتییەوە، بەلابردنی توانستی بنەڕەتی بۆ پێناسەکردنی شتەکەو وێنە ئاوێنەییەکەی بەوەی گوایا وەکویەك و جووتن.

ستانیسلاس دێهین زانا لە ئاژانسی توێژینەوەی پزیشکیی فەرەنسا INSERM پێیوایە ئەو لێهاتوویی و شارەزاییەی بەدرێژایی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی دەستەبەر بووە کە تا رادەیەك شتێکی نوێیە، لەبەر چەندین هۆکاری دیکە، بەسەر چەند بەشێکی مێشکدا گۆڕانکاریی لە بنەمادا دروست کردووە، چونکە بۆ کۆئەندامی دەماری مرۆڤ نەڕەخسا لە هیچەوە نەشونما بکات.

توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، بەشێك لە سیستمی بینین لە مێشکدا چالاك دەبێت و گرنگییەکی تایبەت بەوشەی نووسراو دەدات. دێهین ئەوە بەناوچەی شێوەی وشەکانی بینین ناو دەبات. تا ئێستا زانایان مشتومڕیانە لە سەر رادەی پسپۆڕیی ئەم ناوچەیە بۆ ناسین و ئاشنابوون بەوشە، بەوەی کە ئاشناییش لەگەڵ وێنەکاندا پەیدا دەکات. بەڵام دێهین پێیوایە ناوچەی شێوەی وشە بینراوەکان گەشەیان کردووە بەمەبەستی ئاشنابوون بەشێوەکان، دواتر، بەلای ئاشنابوون بەوشەدا بایداوەتەوە. بەڵام، مەخابن ئەگەرچی تایبەتمەندییەکی بەهاداری هەیە، سەبارەت بەئاشنابوون بەشتەکان، ئەوە بێ سوودە کاتێ شتەکە تایبەت بێت بەخوێندنەوەوە، چونکە ئەم ناوچەیە سەبارەت بەهەر شێوەیەك و وێنە ئاوێنەییەکەی بە یەکسانی، زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە لە سیستمی بینین چالاك دەبێت.

دێهین پێیوایە، رەنگە ئەو ناوچەی بینینە بەرپرس بێت لە توانستی هەندێ لە شتە سەرەکییەکان بۆ ئاشنابوون لە رەنگدانەوەی لە ئاوێنەکەدا، یان رەنگدانەوەی ژمارەگەلێ تەنانەت ئەگەر هاتوو تەنێ تەماشای وێنەکەی لە ئاوێنەدا نەکرێت...ئەمەش چەندین دەرفەتی گرنگی بۆ دەرەخسێنێت بۆ رزگاربوون لە مەترسییەکان. هەروەها رەنگە ئەم تایبەتمەندییە چارەنووسساز بێت، چونکە رەنگە خوێندنەوە گوزارش لە ئەنجامدانی هەندێ لە هەڵەکان بێت لەلایەن منداڵانەوە کە بە"خوێندنەوەی بەپێچەوانە (early mirror reading)" ناو دەبرێت. جاران لەو بڕوایەدا بوون، منداڵان کە کێشەی خوێندنەوەیان هەیە، تەنێ ئەوان بەلای ئەوەدا دەچن تێکەڵکردن لە نێوان جووتە پێچەوانەکانی پیتە ئینگلیزییەکان (P,q) یان (b,d)، یاخود نووسینی ناوەکانیان بەپانی بەشێوەیەکی پێچەوانە بکەن. بەڵام دێهین جەخت لەوە دەکاتەوە، گشت منداڵان تووشی ئەم هەڵەیە دەبنەوە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، ئەم هەڵەیە روودەدات، چونکە پێویستە لە سەر منداڵان ئەو لێهاتووییە لاببەن کە تایبەتە بەخۆڕسکیی رزگاربوونەوە، کاتێ فێری خوێندنەوە دەبن. ئەگەر قسەکانی راستبن، ئەوا ناوچەی شێوەی وشە بینراوەکان بەلای خەڵکانی کامڵەوە، ناتوانێت جیاوازی قایلبێت لە نێوان دوو وێنەی ئاوێنەییدا کە دەیانبینێت، کاتێ پرسەکە تایبەت بێت بەوێنەکانەوە، بەڵام کاتێ تەماشای وشەکان و پیتەکان دەکات، توانستی ئەوەی هەیە جیاوازی لە نێوانیاندا قایلبێت.

لەم پرسەدا، دێهین پشت بەگرنگیی وێنەگرتن بەلەرەی موگناتیسی دەبەستێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت مێشکی کەسی کامڵی خوێندەوار سازگار دەبێت لەگەڵ وێنە ئاوێنەییەکاندا بۆ هەمان شت بەوەی وەکویەك و جووت و گونجاون، بەڵام سازگار دەبێت لەگەڵ وێنە ئاوێنەییەکاندا بۆ هەمان وشە، وەکو بڵێی دوو وشەی جیاوازن.

وا دیارە هەندێ لە سیستمەکانی نووسینی وەکو ئەلفوبێی کۆنی یۆنانی (کە دێڕەکان بەپێچەوانەوە دەخوێنرێنەوە) ئەم مەیلە کۆنانە دەسەلمێنن بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین. ئەمە حاڵی زۆربەی ئەلفوبێکانە. چەند توێژەرێکی دیکە دەریانخست، ناوچەی شێوەی وشە بینراوەکان بەلای مەیموونەوە گەلێ سەیرو سەرنجراکێشە، سەبارەت بەچەند شێوەیەکی دیاریکراوی وەکو (Y) و (T) و (L)، هێڵە یەکبڕەکان لەم پیتانەدا، ئەگەر لە سرووشتدا بوونیان هەبوو، گوزارش لە چەندین زانیاریی بەهادار دەکەن سەبارەت بەشوێن، نموونەی ئەوەیش بوونی شتێکە لە بەردەم شتێکی دیکە یان لە پشتییەوە. دکتۆر دێهین پێیوایە، سیستمی بینینمان لە قۆناخە بەراییە دەستپێکەکاندا دەرکی ئەوەی کردووەو پیتەکان لە قۆناخێکی دواتردا هەڵبژێرران، چونکە رەنگدانەوەی هۆشی مرۆڤە بەرامبەر بەو شێوانە. هەروەها دەڵێت ئەوەیە هۆکار لە پشتی ئەوەی ئەم شێوانە لە ناو گشت ئەلفوبێکاندا شتێکی باوبن.

دێهین لە دوا کتێبیدا دەریدەخات، رەنگە فێربوونی خوێندنەوەو نووسین بەشێوەگەلی دیکەیش مێشك بگۆڕێت. بەیارمەتیی تیمێك لە هاوەڵەکانی، بەراوردی کرد لە نێوان وەرگرتنی مێشکی خوێندەوارە کامڵەکان لەوانەو ئەوانەی خوێندەوارییان نییە، سەبارەت بەوشەکان و هاندەرەکانی دیکەی بینین، بەرووەکانیشەوە. بۆیان دەرکەوت شێوازەکانی ئەو چالاکییەی رووەکان بە شێوەیەکی تایبەت وروژاندیان، لە نێوان مێشکی خوێندەواران و نەخوێندەواراندا جیاواز بوو.



**لیۆناردۆ دافنشی**

دێهین پێیوایە، رەنگە خوێندنەوە لە دەرککردنی بینیندا ئاکامی پێشکەوتن بێت، بەڵام ئەم دۆزینەوە سەرەتاییانە ئاماژە بۆ شێمانەی بوونی شێوەیەکی ساکار دەکەن لە شێوەکانی مێملێ لە کارداو لە ئاکامی ئەمەدا، ئەوانەی توانستی خوێندنەوەیان هەیە، بەهای ئەم توانستەی خۆیان دەدەن بەپاشەکشێیەکی بچووك کە لە جیاکردنەوەی رووەکاندا تووشی توانستیان دەبێت، بەگریمانی ئەوەی نەخوێندەواران باشتر دەتوانن کارەکە ئەنجام بدەن، سەبارەت بەتوانستیان بۆ ئاشنابوون بەشێوازە گشتگرە گرنگەکان بۆ جیاکردنەوەی رووەکان لە یەکدی، لە کاتێکدا رەنگە خوێندەواران رێبازێکی شێنەیی بگرنە بەر.

لە خۆشبەختیدا، مێشکی ئەو کەسانەی لە دوا ساڵانی تەمەنیاندا فێری خوێندنەوە دەبن، وەرگرتنێکی یەکجار لێکچووی ئەو کەسانە دەردەخەن کە هەر لە منداڵییەوە فێری خوێندەواری بوونە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، بۆ فێر بوون هێشتا هەر بە بەریەوە دەمێنێت.

سەرچاوە:
رۆژنامەی (الجریدة) ٢٠١٠/٧/٢٠

# کێشەکانی هەڵبژاردنی کتێب لە کتێبخانەدا

**جەزا ئەحمەد قادر**

پرۆسەی هەڵبژاردنی کتێب بۆ کتێبخانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە پشت ئەستوور بێت بە:

١-شارەزایی و سەلیقە.
٢-زیرەکی و بیرمەندی.
٣-زانیاری گشتی.

پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرچاوە لەکتێبخانەیەکەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر جیاوازە(*)، جیاوازییەکەش دەکەوێتە سەر جۆری کتێبخانەکەو ئامانجەکانی، هەروەك دەبینین لە کتێبخانەی زانکۆیی و گشتی و تایبەتمەندا بەجیاوازی نێوان جۆری بابەتەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کە خزمەتی پێشکەش دەکات.

لەکاتی هەڵبژاردنی کتێبی زانستیدا یەکەم شت کە پێویستە ڕەچاو بکرێ لەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوە ناسینی نووسەری سەرچاوەکەیە(بەپلەی یەکەم). واتا ئەو کەسەی کە هەستاوە بەنوسین و دانان و بەئەنجام گەیاندنی کارەکە.

دەبێت تواناکانی بزانرێ ، ئایا سەلیقەو شارەزایی وایلێکردووە ئەم سەرچاوەیە بێنێتە بوون، یان بەخوێندن و توێژینەوە کارەکەی ئەنجامداوە، دەبێت ڕەچاوی پلەی زانستی لە کەسی نووسەردا بکەین ، چونکە پلەی زانستی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەو نووسەرەیە لە بوارەکەدا.(**)

لەزۆر کتێبی زانستیدا لەسەر بەرگی دواوە کورتەی ژیاننامەی نووسەر ئاشکرا کراوە، لەگەڵ وێنەیەکی نووسەرەکەدا کە تێیدا مێژووی لەدایك بوون و بڕینی پلەکانی خوێندن بەدەستهێنانی سەرجەم بڕوانامەکان و هەموو ئەو پۆستانەی کە وەریگرتووە، لەگەڵ ناوهێنانی سەرجەم بەرهەم و توێژینەوەکان و ئەندامێتی لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا، ئەمە جگە لە شارەزایی و پسپۆڕی وردی لە بواری تردا.

ئەم جۆرە زانیارییانە زۆر پێویستە بۆ ناسینی ئەو نووسەرانەی کە پێشتر لەلایەن کتێبخانەوە نەناسراون، خاڵێکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە ئەگەر هاتوو لە سیڤییەکە ناوی سەرچاوە بڵاو کراوەکانی نمایشکرابوو ئەوا ئەو نووسەرە باکگراوندێکی زانستی باشی هەیەو بۆمان روون دەبێتەوە کە یەکەم جاری نییە بەرهەم دەنووسێت و ئەمە پێوەرێکی پەسەندە لەهەڵبژاردندا ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئەم نووسەرە چەند پەیوەستە بەکارەکەیەوە.

هەندێ پرسیار هەیە کە دەبێت ئەمینداری کتێبخانە لەکاتی هەڵبژاردندا ئاگاداری بێت، لەوانە ئایا ئەم نووسەرە تا چەند پەیوەستە بەبوارە زانستیەکەیەوە، ئایا بەمەبەست سەرچاوەی نووسیوە یان هەندێ تێبینی لا دروستبووەو ئەنجامی داوە.

ئایا بەرێژەی لەسەدا چەند ئەم زانیارییانە تێگەیشتووە، یان بەکاریهێناوە (تاچەند باوەڕی بە نووسین و بیرۆکەی نووسینەکەی هەیە بەپراکتیکی).

ئایا ئەمە ڕاوبۆچوونی خۆیەتی، یان خۆی جیا گرتووە لەبابەتەکەو وەك بینەرێك سەیری ماددەکە دەکات، ئایا نووسەر کتێبی تری هەیە لەسەر هەمان بابەت؟

ئایا جگە لە خۆی کەسی تر بەشداریی لەگەڵدا کردووە لە نووسینەکەدا، یان خۆی لەگەڵ نووسەری تردا بەشداریی هەبووە لەبەرهەمهێنانی سەرچاوەی زانستیدا.

موئەهیلاتی ئەو نووسەرانەی تر چییە کە لەگەڵ ئەمدا بەشداری نووسینی ئەم سەرچاوەیان کردووە، ئایا نووسەرە بەشداربووەکان بەرهەمی زانستی تریان هەیە، یان بەشدارییان کردووە لە پاکژ کردن و ڕاستکردنەوەی سەرچاوەی زانستی تردا.

ئەمەو چەندان پرسیاری جۆربەجۆر لەکاتی هەڵبژاردنی پۆلینی نووسەردا خۆی دەبینێتەوە ئایا ئەم کتێبە ( پێداچونەوە) ی هەیە، کەسێك هەستاوە بەپێداچوونەوەی بابەتەکە بۆ ڕاستکردنەوەی دەستەواژەو بیروبۆچوون و هاوکێشەکان،چونکە بوونی (مرجع) زۆر گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی زانستی کە وەك فلتەرێك وایەو هەڵەکان دەپاڵێوێت.

ئایا ئەم کتێبە لەدەرگای گشت بەشە جۆربەجۆرەکانی بابەتێك دەدات یان چەمکێکی بابەتەکەی گرتووەو لەسەر ئەوبەشە دەدوێ ، بەگشتی یان بە تایبەتی، ئایا جگە لەم بابەتە هیچ بابەتێکیتر لەخۆ ناگرێت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆی بەبابەتە رەسەنەکەوە هەبێت.

ئایا ئەم کتێبە پوختەیە یان بەدرێژی باسی بابەتەکە دەکات، ئەم سەرچاوەیە بۆ سەرجەم خەڵکی نووسراوە بە(گشتییە)، یان بۆ گروپێکی تایبەت نووسراوە کە سوودی لێ وەربگیرێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مێژووی چاپی سەرچاوەکە زۆر گرنگە چونکە تازەیی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە.

هەتا جۆری چاپی و ژمارەی چاپەکە زۆر بێت گرنگی سەرچاوەکە لەڕووی زانستیەوە بایەخدار دەبێت، بۆ نموونە:

چاپی بیست و حەوت، چاپێکی تازەو نایابە، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دواهەمین زانست و زانیاریی لەسەرچاوەکەدا بەدی دەکرێ، جگە لەوەی کە نووسراوەکە تازەیە، واتە بابەتی نوێی تێدایە کە لەچاپەکانی پێشوودا نییە، جگە لەنایابییەکەی کە مانای وایە زۆر شت بەڕێکوپێکی تێدا ئەنجام دراوە، بۆ نموونە جۆری ڕەنگ و ڕوونی نەخشەو خشتەو زاراوەو دواهەمین تازەگەری تێدا ڕەچاوکراوە. ڕەنگە C.D یەکی لەگەڵدا بێت بۆ بەرچاوڕوونی و زیاتر شیکاری بابەتیانە ئەنجام دەدات.

گرنگیدان بە روخساری دەرەوەی سەرچاوە بەشی خۆی گرنگی هەیە: لەوانە ئایا چاپێکی باشە، ڕوونە، بەشێوەیەکی ڕوون نوسراوەتەوەو زوو لێی تێدەگەن، ئایا بابەتەکە بەشێوەیەك نووسراوەتەوە کە خوێنەر زۆر بەئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت، یان ئاڵۆزو هەڵوەشاوەو زانیارییەکان لەیەك ترازاون و زۆر روون نییە. دووبارە بونەوەی زۆر تێدایەو بێزاری دروست دەکات. ئایا ناوەرۆکەکەی خشتەو وێنەی روونکاریی تێدایە کە خوێنەر ئارەزووی خوێندنەوەی بکات. ئایا بە چ شێوازێك واتاکان روونکراوەتەوە، ئایا کێشەو هاوپێچ و زاراوەو لیستی بیبلیۆغرافیاو نەخشەی پێویستی تێدایە بۆ کار ئاسانی، ئایا ئەم کتێبە بەمانای وشە پراکتیکییە یان ڕۆشنبیرییەکی نوێیە .**

ئایا خوێنەر بەگشتی، یان بەتایبەت سوودی لێوەردەگرێ یان بەتەنیا جۆرێ لەخوێنەر سوودمەندە لێی، یان بەتەنیا ئەوانە سوود مەندن کە سەرەتای دەستپێکردنیانە بەم جۆرە زانیاریانە.

ئەمانە هەمووی سەبارەت بەسەرچاوەی زانستی جیاواز وەك لەسەرچاوەی ئەدەبیی کە زیاتر چیرۆك و شیعرو لێدوان و هزرو بۆچوون و ڕەنگدانەوەو شیکارن....هتد، دەگرێتەوە بۆچوونی جیاواز هەیە.

پێوەرەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرچاوەی ئەدەبیی جیاواز وەك لەکتێبی راستی و زانستی، چونکە ئەمینداری کتێبخانە لەهەڵبژاردنی ئەم جۆرە سەرچاوانەدا گرنگی بەچەند شتێك دەدات لەوانە: ناونیشانی بابەتەکە، شێوازی نووسینەکە، کوالیتی سەرچاوەکە، روونی نووسینەکە، هەروەها گوزارشتکردنەکە لەگەڵ چۆنیەتی داڕشتنی بابەتەکە بەشێوەیەکی ئەدەبی رەسەن.

بۆ نموونە ئەم چیرۆکە ئایا لەگەڵ ڕاستی ژیاندا نزیکە یان خەیاڵە. چەند کاردانەوەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگایە. راستە نووسەر لەهەموو سەرچاوەیەکدا(زانستی، فکر، فەلسەفە، ئاین، ئەدەب) پێوەری سەرەکییە چونکە خاوەن بابەتەکەیە واتە بیرۆکەی بابەتەکە ئەم خاوەنداری دەکات، بۆیە پێویستە لەهەموو کات و زەمانێکدا ڕەچاو بکرێ. پلەی دووەم : وەرگێڕی بابەتەکەیە.

پلەی سێیەم : پیاچونەوەو داڕشتنی بابەتەکە.
پلەی چوارەم: لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوە.
پلەی پێنجەم : هەڵسەنگاندن و بیرو بۆچوون.
پلەی شەشەم: خوێنەر تا چەند بەلایەوە گرنگە.
پلەی حەوتەم: چاپ و بڵاو کراوەو جۆری پەڕەو رەنگ و بەرگ و نایابی لە ڕێکخستندا.

ئەمانە هەمووی پێوەری ڕووخساری دەرەوەی سەرچاوەکانن.

* نزار محمد علي القاسم. إختيار المواد المكتبة... بغداد: مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، ١٩٨٢.

** د. ربحي مصطفى عليان. تنمية وتقييم المجموعات في المكتبات و المؤسسات المعلومات. ـ ط١. عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٥.



# گۆرکی.. واقیع و خواستی مرۆیی

و. یاسین قادر بەرزنجی

کاتێ گۆرکی و تۆلستۆی لەساڵی ١٩٠٠دا پێکگەیشتن، بەناوبانگترین نووسەری روسیا بوون، تۆلستۆی لەو دەمەدا رووەو ئایین وەرچەرخابوو و ماڵئاوایی لە ئەدەب کردبوو، وەك دڵسۆزی وڵاتەکەی مژدەبەخشی رۆحانییەت و دژ بەتوندوتیژی بوو..بەڵام گۆرکیی، نووسەری لاو، عەوداڵی ئەدەبیات بوو.

## یاداشتەکانی لەمەڕ تۆلستۆی

یاداشتەکانی گۆرکی کە دەزگای فانجەر بۆ یەکەمین جار وەریدەگێڕێت، لەچل‌وچوار بەرگدایەو پڕیەتی لە بەسەرهاتی دەگمەن، لەگەڵ نامەیەکی تەواونەکراو کە بەبۆنەی مەرگی تۆلستۆی نووسراوەو تیایدا باس لە سادەیی جوتیارانەی ئەو نووسەرەو هاوکات تێڕامانی خامۆشی بەرامبەر ئاڵۆزیی ئادەمیزادو خوداوەند خراوەتە بەرچاو.

گۆرکی لە ئامۆژگارییەکانی تۆلستۆی‌داو لە بۆچوونەکانیدا بەرامبەری، باسی مرۆڤێ دەکات کە سەرلەنوێ ئینجیلەکانی نووسیوەتەوە، تاوەکو خوداوەندێ بدۆزێتەوەو رزگاری بکات. سەرسامیی ئەو بەرامبەر تۆلستۆی لەوەوە نەبووە کە گۆرکی ئیماندار بووبێت و باوەڕی پتەوی بەخودا هەبووبێت، بەڵکو ئیمانی بەخودی تۆلستۆی هەبووە، چونکە ئەو لەدنیادا بەدوای فریادڕەسێکدا گەڕاوە ببێتە پێشڕەو بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی لەتاریکیی رابردوو و دڵڕەقی و نەزانینی ئەو سەردەمەی، بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا کەسێکی پەی پێبردبێت بۆ بەرجەستەکردنی ئاواتەکانی، هەر تۆلستۆی بووە.

وێنە ئەدەبییەکانی گۆرکی بریتی بوون لە: بەرهەمە کلاسیکییەکان، توێژینەوە لەبیرچووەکان، رۆمانە سەرنجڕاکێشەکان و یاداشتەکان. لەیاداشتەکانی تۆلستۆی دا گەلێ شت هەن، وەکو وتووێژی ئەدەبیی، کەشی پڕ لە توندی و ئازایەتی، سووکایەتی پێکردن، بەراوردی نووسەران لەگەڵ ژنە جوانەکاندا، جەخت لەسەر کارو تەکنیکی تەواو، شێوازی دروست و کاراکتەری بە ئەدەب، دیارە وتووێژەکانی تۆلستۆی لەگەڵ هەریەك لە گۆرکی و چیخەف و ا. سۆلیرشیتسکی، لەئاوێتەی گەمەی بۆکسێن و ئاهەنگی چایی خواردنەوە دەچێت.

لەیاداشتەکانی گۆرکیدا(تۆلستۆی) وەك خوداوەندێ نیشاندراوە، کە لەسەر عەرشێکی ژێر درەختێکی زەیزەفون نیشتبێت، خوداوەندێ لە دارستانەکانی(سفایتۆگۆر) کە واتای(چیای پیرۆز) دەگەیەنێت، ئەو پاڵەوانە رووسە کە زەوی نایگرێتە خۆی، گۆرکی جارێکیان لە(قەرەم) دیویەتی بەکەنار دەریادا رۆیشتووە:

لەپڕێکداو لەچرکەساتێکی شێتدا..
هەستمکرد دەیەوێت بوەستێت
تاوەکو هەردوو باڵی بکاتەوەو وەکو دەریا هێدی هێدی و
شووشەیی بڕواتە رێوە..
هاوکات بەردەکان بلەرزن و بدەنە هاوار..
هەموو شتێك بهەژێن و زیندووبنەوەو بەدەنگی جیاواز لەخۆیان بدوێن.. لەو بدوێن و لەدژیشی..
وشەکانم ناتوانن گوزارشت لە هەستی ئەو دەمەم بکەن..
من پڕاوپڕ بووم لە خۆشی و لەترس..
هەر لەوێدا هەموو شت پێکەوە لەبیرۆکەیەکدا خولقا:
"مادام ئەو پیاوە زیندووە، هەرگیز لەسەر ئەم زەمینە هەتیو نیم!"؟

## گۆرکی و شۆڕش

کاتێ لەساڵی ١٩١٩دا، لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی روسیادا بیرەوەرییەکانی لەسەر تۆلستۆی نووسیوە، دەبوو بیر لە"لینین" بکاتەوە(گەر وەرگێڕان بۆ یاداشتەکانی گۆرکی لەسەر لینین ئەنجام بدرێت کارێکی سوودبەخش دەبێت، کە لەنوسخەی یەکەمیدا ستایشی لینین بەرامبەر ترۆتسکی هەیە، لەگەڵ توانجی گۆرکی لەسەر ئەوە، بێجگە لەسەرنجی تاڵ سەبارەت بەجوتیارانی روس).

هەر لەگەڵ شۆڕشدا، گۆرکی دیارترین سەرچاوە بووە بۆ رەخنەی ناوخۆیی بۆ شێوازو ئایدۆلۆژیای حکومەتی بەلشەفیك، کۆمەڵێ وتاری بڵاوکردوەتەوەو تیایاندا هێرشی توندی کردوەتە سەر لینین و ستەمی دەسەڵات و دووفاقیی لەمامەڵەیدا.. هەروەها فەرامۆشکردنی بیرمەندو رۆشنبیران، هەرچەندە کەسێك نەبووە بڕوادارتر بەشۆڕشی رووسیا لەگۆرکی زیاتر، بەڵام پێی وابوو کە شۆڕش رێگایەکی تری گرتووەتەبەر، رێگایەك جودا لەو رێگایەی ئەو خەونی پێوە دەبینی.

شکلوفسکی، گۆرکی بە (نوحی روناکبیرانی روسیا) ناودەبرد، ئەوەبوو لیژنەی دامەزراند بۆ پەیداکردنی کارو ژیان بۆ شاعیران و توێژەرانی پەشێوحاڵ، سەدان پەیامی راسپاردەی نووسی، تەنانەت بەتەلەفۆن قسەی بەلینین گوت، لە سەرکێشییەکانی دیکەی، دامەزراندنی (دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی جیهانی)بوو لەپێناوی خوێنەری سۆڤیەتی نوێ، کاتێ لەنووسینگەکەی دانیشتبوو بۆ مشتومڕ لەگەڵ باشترین وەرگێڕی داستانی گەلگامیش، دەنگی تەقە لەشەقامەکانەوە دەهاتنە گوێ.

## گۆرکی لە مەنفا

بڕیاری مەکسم گۆرکی بۆ جێهێشتنی روسیا لەساڵی ١٩٢١دا، دەگەڕایەوە بۆ خۆئازادکردنی لەدەست وەهمی حکومەتی سۆڤیەت. ئەلکسەندەر بلوك بەنەخۆشیی ئەسکەربوت و بێ هیوایی رۆحیی مردو شاعیرێکیش بەتۆمەتی بەشداریی لەپلانێکدا لەسێدارە درا، خۆیشی بەردەوام لەلایەن(لینین)ەوە هاندەدرا بۆ جێهێشتنی وڵات، بەبیانووی پێویستیی سییە لاوازەکانی گۆرکی بەحەوانەوە، ئەو خۆیشی لە لینین تورەبوو، هەرچۆن نیگەرانی رەوشی وڵاتەکەی بوو کە بەدەست برسێتی و کارەساتبارییەوە دەینالاند.

سێ ساڵ دوای هاتوچۆ لەنێوان ئەوروپاداو کۆکردنەوەی پارە بۆ کۆمەکی برسییەکان، گۆرکی چووە(سورینۆ)، کە بەسەر چیای(فیسوفیوس)دا دەیڕوانی و بۆ ماوەی دە ساڵێك لەوێ مایەوەو ئینجا بەیەکجاریی گەڕایەوە روسیا.

ئەو کاتەی لە مەنفا ژیانی دەبردەسەر، رۆژێکیان بەسەرهاتێکی بیردەکەوێتەوە کە تۆلستۆی خۆی بۆی گێڕابووەوە، ئەویش:

جارێکیان تۆلستۆی بەهێمنی لەکیسەڵێك دەپرسێت:

– تۆ لێرە بەختەوەریت؟

لەوکاتەدا کیسەڵەکە لەبێشەیەکی نزیك ئەو رێگایەی دەچووەوە سەر(دیولبەر) خۆی دابووە بەر هەتاوێك..تۆلستۆی کە ئەو پرسیارە دەکات، چاوی بڕیوەتە کیسەڵەکەو هەردوو دەستی لە قایشە چەرمەکەی گیرکردوە..

ئەو پیاوە مەزنە بەسەرنجەوە دەڕوانێتە دەوروبەری و رازی خۆی بۆ کیسەڵەکە دەدرکێنێ و دەڵێت:

– من بەختەوەر نیم..!

هینریك هاینە، لە دیمەنێکی یەك لەسەردانەکانیدا بۆ ئیتالیا باسی لەکیسەڵ کردووەو وتویەتی"کیسەڵ لەسەر بەرزایی گردێك دەژیان کە هەمووی بەرد بوو، دەشێ خودا خۆی لەشێوەی بەردێکی درەوشاوەدابێت لەنێوانیاندا"..

لە ئیتالیا، گۆرکی سیانزە هەزار نامەی لە روسیاوە پێگەیشت، بەپێی ئەرشیفی KGB (هەواڵگری سۆڤیەتی) زۆربەیان لەو هاووڵاتییە روسانە بوون کە باسیان لە زوڵم و زۆرو بێ مانایی ژیانی روسیایان دەکرد، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوانەشدا، خۆی بەوە رازی دەکرد کە هێشتا روسیا لەسەر راستە رێگایە، ئەو جەختی نەدەکردە سەر هاوارو نزای ئەوان..

هەروەك تۆلستۆی، لەمەنفا، گۆرکی بە وەرچەرخانی رۆحیدا تێپەڕی و رەوشێکی دەستکردی بۆخۆی درووستکرد،دوور لەڕاستی،



گۆرکی و تۆلستۆی



گۆرکی و چێخەف

قەیرانەکە وایلێکرد، ژیانی رابردووی و شۆڕش بەگشتی، بەراست و رەوان بزانێت. چونکە دەیزانی لە سەربوردەی ژیانیدا، گەر شۆڕش کارێکی سەرنەکەوتوو و ناکام بووبێت، ئەوا رۆڵی ئەویش وەك پەیامبەرێك بێماناو خراپتر بووە.

لەگەڕانەوەیدا بۆ روسیا، بەپێشنیازی(ستالین) سەرلەنوێ ناو لەچەندین شوێن بەناوی گۆرکییەوە نراوە، شەقامی سەرەکیی باخچەی ناوەندیی، پەیمانگای ئەدەبیاتی مۆسکۆ، شانۆی هونەریی لەگەڵ شارو هەرێمی نیشنی نوفگورودو سەدان کێڵگەی هەرەوەزی و کارگەو قوتابخانە.. هەر هەموویان بەناوی(گۆرکی)یەوە کران، لە دەرەوەی مۆسکۆش کۆشکێکی پێ بەخشرا، هەرچۆن ساڵی ١٩٣٢ بەسەر مۆسکۆدا فڕۆکەیەك بەناوی (مەکسیم گۆرکی) یەوە فڕی و لە فراوانترین پانتایی هەردوو باڵی جیهاندا هاتووچوو، بەڵام ساڵێ دوای ئەوە فڕۆکەکە تێکشکا.

لەکۆتایی ژیانیدا، ناوهێنانی شوێنەکانی بەناویەوە بوون لای گرنگ نەبوو، چونکە بۆ هەر شوێنێك دەچوو هەر بەناوی خۆیەوە بوون!

بەو شێوەیە، بووە دیارترین داکۆکیکار لە سیستمی حوکمی ستالین، لە خەباتی داواکردنی هەرەوەزیی، کە ملیۆنان جوتیاری تیامردن، گۆرکی دروشمی(خەباتی دەسەڵات دژ بە کۆلاکەکان)ی بەرز کردەوە! تەنانەت گوتی(گەر دوژمن خۆنەدەن بەدەستەوە، دەبێ لەناو ببرێن)!! لەگەڵ ئەوانەشدا، هاوکات بەردەوام بوو لەنووسینی نامەکانی بۆ پۆلیسی نهێنی لەپێناوی ئازادکردنی زیندانیان، یان کەمکردنەوەی سزاکانیان.

سەرچاوە: پاشکۆی(اوراق)ی رۆژنامەی(المدى)٢٠١٠/٧/١١

و. بۆ عەرەبیی لە(The new Republic) وە (عادل العامل)، بەکورتکردنەوەوە کراوەتە کوردی.



گۆرکی و ستالین

## له‌ پێشانگایه‌كی وێنه‌و زانیاریی كتێبخانه‌ گشتییه‌كاندا

# *ساڵی ٢٠٠٩ كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی زۆرترین خوێنه‌ری هه‌بووه‌
# *دوای راپه‌ڕین ٤٥ كتێبخانه‌ی گشتی دامه‌زراون

ئیدریس محه‌مه‌د سادق



كونفرانسی كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی هه‌رێمی كوردستان، له‌رێكه‌وتی ٢٠١٠/٧/١١، به‌كردنه‌وه‌ی پێشانگای وێنه‌ی فۆتۆگرافیو كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی هه‌رێمی كوردستانو زانیارییه‌كانی به‌شێوه‌ی DATA له‌لایه‌ن به‌ڕێز (د. كاوه‌ مه‌حمود) وه‌زیری رۆشنبیریو لاوان له‌ هۆڵی پێشوازیی كتێبخانه‌ی گشتیی هه‌ولێردا كرایه‌وه‌، ئه‌وه‌ی شایه‌نی باسه‌ پێشانگاكه‌ له‌لایه‌ن (ئیدریس محه‌مه‌د سادق) به‌رپرسی به‌شی پلانو به‌دواداچوون له‌ كتێبخانه‌ گشتییه‌كان ئاماده‌كرابوو، پێشانگاكه‌ له‌ دوو به‌شی گرنگ پێكهاتبوو، یه‌كه‌میان: وێنه‌ی ره‌نگاوره‌نگی (٦٥) كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی هه‌رێمی كوردستانی تێدا نمایشكرابوو ، بۆ زیاتر ناساندنی كتێبخانه‌كان به‌ خوێنه‌رانو ئاماده‌بووان له‌ هه‌رتابلۆیه‌كدا له‌ژێر وێنه‌ی هه‌ر كتێبخانه‌یه‌كدا، ناوی كتێبخانه‌كه‌و ساڵی دامه‌زراندنه‌كه‌یو ژماره‌ی كتێبه‌كانیو ژماره‌ی گۆڤاره‌كانیو ژماره‌ی فه‌رمانبه‌رانی نووسرابوون. به‌شی دووه‌می پێشانگاكه‌ش زانیاری كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی هه‌رێمی كوردستان بوو به‌شێوه‌ی داتا DATA ، سه‌رچاوه‌ی وه‌رگرتنو كۆكردنه‌وه‌ی زانیارییه‌كان له‌رێگه‌ی دابه‌شكردنی فۆرمی زانیاری بوو به‌سه‌ر كتێبخانه‌ گشتییه‌كان به‌پێی نووسراوی فه‌رمی به‌شی پلانو به‌دواداچوونی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتیی كتێبخانه‌ گشتییه‌كانو ئه‌م زانیارانه‌ی له‌خۆگرتبوو (ژماره‌ی كتێبه‌كانی كتێبخانه‌، تیراژی گۆڤاری كتێبخانه‌، ژماره‌ی هێڵی ئینته‌رنێت بۆ خوێنه‌ران، بوونی به‌شی منداڵان له‌كتێبخانه‌دا، ژماره‌ی فه‌رمانبه‌رانی كتێبخانه‌، ژماره‌ی به‌شی ده‌رچووانی كتێبخانه‌و زانیارییه‌كان له‌ كتێبخانه‌دا، ژماره‌ی خوێنه‌رانی ره‌گه‌زی نێر بۆ ساڵی ٢٠٠٩، ژماره‌ی خوێنه‌رانی ره‌گه‌زی مێ بۆ ساڵی ٢٠٠٩، كۆی گشتی ژماره‌ی هه‌ردوو ره‌گه‌زه‌كه‌ بۆ ساڵی ٢٠٠٩... هتد، له‌پاشان فۆرمه‌كان له‌لایه‌ن كتێبخانه‌ گشتییه‌كانه‌وه‌ پڕكرانه‌وه‌و ئه‌وپه‌ڕی وردبینی تێداكراو به‌شێوه‌ی DATA و Chart له‌ پێشانگاكه‌دا نمایشكرا، ده‌رئه‌نجامی داتاكان به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌ بوو.

*زۆرترین ژماره‌ی خوێنه‌ری ره‌گه‌زی نێر بۆ ساڵی ٢٠٠٩ له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی بوو، كه‌ ژماره‌كه‌ی گه‌یشته‌ (٢٩٨٤٠).

*زۆرترین ژماره‌ی خوێنه‌ری ره‌گه‌زی مێ بۆ ساڵی ٢٠٠٩ له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتی سلێمانی بوو كه‌ژماره‌كه‌ی گه‌یشته‌ (١٧٥٦٩).

*زۆرترین ژماره‌ی كتێب له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتی سلێمانی بوو كه‌ ژماره‌كه‌ی گه‌یشته‌ (١٠٣٥٥٦).

*زۆرترین تیراژی گۆڤار له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی بوو، كه‌ ژماره‌كه‌ی گه‌یشته‌ (١٢٠٩٥).

*زۆرترین ژماره‌ی هێڵی ئینته‌رنێت بۆ خوێنه‌ران له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی بوو، كه‌ ژماره‌كه‌ی گه‌یشتۆته‌ (٤٢) هێڵ.

*به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی زۆرترین ژماره‌ی فه‌رمانبه‌ری هه‌یه‌ به‌پێی ئاماره‌كانی مانگی ٦ ساڵی ٢٠١٠ كه‌ ژماره‌كه‌ی گه‌یشتۆته‌ (١٨١) فه‌رمانبه‌ر.

*زۆرترین ژماره‌ی كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی سه‌ر به‌ به‌ڕێوه‌به‌ریه‌تییه‌كان له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی یه‌ كه‌ ژماره‌ی ١٩ كتێبخانه‌ی گشتییه‌.

*به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی سلێمانی زۆرترین ژماره‌ی فه‌رمانبه‌رانی ده‌رچووانی كتێبخانه‌و زانیارییه‌كانی هه‌یه‌، به‌پێی ئاماره‌كانی مانگی ٦ ساڵی ٢٠١٠ كه‌ ژماره‌كه‌ی گه‌یشتۆته‌ (٢١).

*له‌كۆی گشتی ٦٥ كتێبخانه‌ی گشتی، ته‌نها (٢١)كتێبخانه‌ی گشتی به‌شی منداڵانی هه‌یه‌.

*له‌دوای راپه‌ڕینی به‌هاری ساڵی ١٩٩١ ته‌نها ٤٥ كتێبخانه‌ی گشتیی دامه‌زاوه‌.

*كۆنترین كتێبخانه‌ له‌ڕووی دامه‌زرانه‌وه‌ كتێبخانه‌ی گشتیی ناوه‌نده‌ی كه‌ركوك-ه‌.

*له‌ پێشانگای وێنه‌ی كتێبخانه‌كان ئه‌م راستییانه‌ ده‌ركه‌وتن سه‌باره‌ت به‌ باڵه‌خانه‌ی كتێبخانه‌ گشتییه‌كان ته‌نها ٣/١ له‌ باڵه‌خانه‌كان مه‌رجه‌كانی شیاوی بۆ كتێبخانه‌ تێدابوو.

*له‌كۆی گشتی ٦٥ كتێبخانه‌ی گشتی ته‌نها ٤ باڵه‌خانه‌ی (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتیو كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی عه‌نكاوه‌و هیرانو سه‌نگه‌سه‌ر له‌لایه‌ن حكومه‌تی هه‌رێمه‌وه‌ به‌كرێ گیراون، هه‌روه‌ها هه‌ردوو كتێبخانه‌ی د. ڤێلاردۆ له‌ بلێ و حاجی محه‌مه‌دی بامۆكی له‌ هه‌ڵه‌بجه‌ له‌لایه‌ن خێرخوازانه‌وه‌ به‌ كتێبخانه‌ گشتییه‌كان به‌خشراوه‌، ئه‌وه‌ی شایه‌نی باسه‌ پێشانگاكه‌ بۆ ماوه‌ی سێ ڕۆژی كۆنفرانسه‌كه‌ به‌رده‌وام بوو.

### به‌ڕێوه‌به‌ری كتێبخانه‌ی گشتیی چه‌مچه‌ماڵ:

# له‌ ئاینده‌یه‌كی نزیكدا كتێبخانه‌ی گشتی له‌ ته‌كیه‌و گۆپته‌په‌ ده‌كه‌ینه‌وه‌

ئاكۆ / چه‌مچه‌ماڵ

له‌مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٦دا، به‌ بڕیاری وه‌زاره‌تی حوكمی خۆجێیه‌تی، پارێزگای سلێمانی بڕیاری دامه‌زراندنی كتێبخانه‌ی گشتیی چه‌مچه‌ماڵی ده‌ركردو ئه‌و كاته‌ له‌ بینای كۆنی كتێبخانه‌، له‌ به‌رامبه‌ر فه‌رمانگه‌ی به‌رگری شارستانی چه‌مچه‌ماڵدا دانرا.

له‌سه‌ره‌تای دروستبوونی كتێبخانه‌كه‌دا خه‌ڵكێكی زۆر كه‌م ده‌چوون بۆ خوێندنه‌وه‌ی كتێب، به‌هۆی ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی سنووره‌كه‌ ئاشنا نه‌بووبوون به‌ كتێخانه‌و ئه‌و خزمه‌تگوزارییه‌ی پێشكه‌شی ده‌كات، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی ناوچه‌كه‌ پێیان وابوو، كه‌ ئه‌و كتێبانانه‌ هی سه‌رده‌می به‌عسه‌و به‌ شانو باڵای حزبی به‌عسدا هه‌ڵده‌ده‌ن.

یه‌كه‌م به‌ڕێوه‌به‌ری كتێبخانه‌ی گشتی چه‌مچه‌ماڵ، عه‌بدولخالق ساڵح قادر بووه‌، كه‌ دوای دوو ساڵ بووه‌ پێشمه‌رگه‌و پاشان شه‌هید بووه‌، چه‌ندین كه‌سایه‌تی تری ناوچه‌كه‌ ده‌وریان هه‌بووه‌ له‌ پێشخستنی كتێبخانه‌ی چه‌مچه‌ماڵدا، له‌وانه‌ شه‌هید"شاكر فه‌تاحو خوالێخۆشبوو موسڵح جه‌لال" كه‌ دواتر كتێبخانه‌كانیان پێشكه‌ش به‌ كتێبخانه‌ی چه‌مچه‌ماڵ كردوه‌و تا ئێستا پارێزراون، مامۆستا (محه‌مه‌د نوری تۆفیق)یش، ده‌وری هه‌بووه‌ له‌ پێشخستنی كتێبخانه‌كه‌دا.

كتێبخانه‌ی گشتیی چه‌مچه‌ماڵ، تا ساڵی ٢٠٠٦ له‌ بینای خۆیدا نه‌بووه‌و له‌و كاته‌وه‌ به‌دواوه‌ له‌سه‌ر ئه‌ركی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان بینای تایبه‌ت به‌ شێوه‌یه‌كی مۆدێرن درووستكراوه‌و به‌ فه‌رمی كراوه‌ته‌وه‌.

شنۆ ئیسماعیل محه‌مه‌د، به‌ڕێوه‌به‌ری ئێستای به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی سنووری قه‌زای چه‌مچه‌ماڵ، رایگه‌یاند" له‌ ئێستادا ١٣٢٨٥ كتێبو ٥٧٩٢ گۆڤارو ١١٠١١ ڕۆژنامه‌ له‌ كتێبخانه‌كه‌ماندا هه‌یه‌و ڕۆژانه‌ (٨٠) بۆ (٩٥) كه‌س سه‌ردانی كتێبخانه‌كه‌مان ده‌كه‌ن ".

باسی له‌وه‌ش كرد، ئێستا كتێبخانه‌كه‌یان پێشكه‌وتووه‌، هه‌ر وه‌كو وتیشی "كتێبخانه‌كه‌مان ئێستا جگه‌ له‌ به‌شی كتێبو گۆڤارو ڕۆژنامه‌كان، به‌شی منداڵانو به‌شی زمانی ئینگلیزیو هۆڵی سیمینارو چه‌ندین چالاكی جۆراو جۆر ئه‌نجامده‌ده‌ین".

سه‌باره‌ت به‌ كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی سنوری قه‌زای چه‌مچه‌ماڵ، (شنۆ) رایگه‌یاند "كتێبخانه‌كانی چه‌مچه‌ماڵ، شۆڕش، سه‌نگاو، قه‌ره‌هه‌نجیر، دووبزو كه‌ركوك سه‌ر به‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتی چه‌مچه‌ماڵ-نو كتێبخانه‌ی (ئاغجه‌له‌ر)یش رۆژی ٢٠١٠/٨/٨ له‌ئاهه‌نگێكدا كرایه‌وه‌، هه‌روه‌ها ئه‌وه‌شی خسته‌ڕوو به‌نیازن له‌ ئاینده‌یه‌كی نزیكدا كتێبخانه‌ی گشتی له‌ ته‌كیه‌و گۆپته‌په‌ بكه‌نه‌وه‌.

به‌ڕێوه‌به‌ری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه‌ی گشتیی چه‌مچه‌ماڵ وتیشی " پێشنیازمان كردووه‌، كه‌ به‌شی باخچه‌ی كتێبخانه‌ دروستبكه‌ین، ئێمه‌ ده‌مانه‌وێت باخچه‌یه‌كی جوانو قه‌شه‌نگ دروست بكه‌ینو بیكه‌ینه‌ كتێبخانه‌یه‌كی هاوینه‌، به‌تایبه‌تیش بۆ ئێوارانو شه‌وان".




كتێبخانه‌ی گشتیی چه‌مچه‌ماڵ

# كتێبخانه‌كانی گه‌رمیان له‌نێوان چالاكیو گرفته‌كانیاندا

ئا.تابان حه‌سه‌ن

به‌ڕێوبه‌رێتی كتێبخانه‌ گشتیه‌كانی گه‌رمیان، كه‌ساڵی ١٩٨٩ دامه‌زراوه‌، بێجگه‌ له‌ دیوانی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كه‌ له‌شاری(كه‌لار)ه‌، پێكهاتووه‌ له‌ حه‌وت كتێبخانه‌ ئه‌وانیش(كتێبخانه‌ی گشتی كه‌لار، رزگاری، سه‌رقه‌ڵا، كفری، پێباز، مه‌یدانو، خانه‌قین)كه‌ له‌سنووری قه‌زاو ناحیه‌كانی گه‌رمیاندان.

كۆی سه‌رجه‌م كارمه‌ندانی كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی گه‌رمیان پێكهاتووه‌ له‌ ٧٦ كارمه‌ند، كه‌ ٣٣یان له‌ ره‌گه‌زی مێن، چالاكییه‌كانی كتێبخانه‌ گشتییه‌كانی گه‌رمیان بریتین له‌: (دابینكردنی هه‌لومه‌رجی خوێندنه‌وه‌و خواستنی كتێب، كردنه‌وه‌ی پێشانگای كتێب، چالاكییه‌كانی به‌شی منداڵان، له‌گه‌ڵ هاوكاری كردنی هه‌موولایه‌ك بۆ ئه‌نجامدانی چالاكییه‌كانی وه‌ك به‌ستنی كۆڕو سیمینارو كردنه‌وه‌ی رۆشنبیریو هونه‌ریی).

ئه‌مانه‌ بێجگه‌ له‌كاری هونه‌ریی رۆژانه‌ی كتێبخانه‌كان وه‌كو:

تۆمارو پۆلێنكردنی كتێب به‌پێی سیستمی(دیوی ده‌یی).

خاتوو شیرین شه‌وكه‌ت بابان به‌ڕێوه‌به‌ری ئه‌م به‌ڕێوبه‌رێتییه‌ ده‌ڵێت "بێجگه‌ له‌ چالاكییه‌ رۆژانه‌كانو به‌ ئه‌نجامدانی پلانو ئه‌ركی سه‌رشانمان، ئێمه‌ كۆمه‌ڵێكی زۆر كێشه‌و گیروگرفتمان هه‌یه‌و به‌هیوای چاره‌سه‌ریانین".

ئه‌و وتی"به‌هۆی نه‌بوونی به‌شی كتێبخانه‌و زانیارییه‌كان له‌ په‌یمانگای ته‌كنیكی كه‌لار، تا ئێستا ده‌رچووی ئه‌و به‌شه‌ له‌كتێبخانه‌كانماندا نین، كه‌ ئه‌مه‌ش بۆ خۆی كێشه‌یه‌كی گه‌وره‌یه‌، هه‌روه‌ها نه‌بوونی هێڵی ئینته‌رنێت له‌ زۆربه‌ی ناحیه‌كاندا دابڕانه‌ له‌و ته‌كنه‌لۆژیا نوێیه‌و زیان گه‌یاندن به‌ خوێنه‌رو خوێندكاران، پاشان نه‌بوونی ئوتۆمبێل بۆ ئێمه‌و كتێبخانه‌كانمان گرفتی گه‌وره‌یه‌".

له‌درێژه‌ی قسه‌كانیدا، خاتوو شیرین وتی"ئێمه‌ پێویستمان به‌كردنه‌وه‌ی خولی پسپۆڕیو كارگێڕییه‌ تا كارمه‌ندانمان بتوانن خزمه‌تگوزاری باشتر پێشكه‌ش بكه‌ن، هه‌روه‌ها تا ئه‌مڕۆ هه‌ردوو كتێبخانه‌ی پێبازو مه‌یدان بینای تایبه‌ت به‌خۆیان نییه‌...".

هاوكات به‌ڕێوه‌به‌ری كتێبخانه‌كانی گه‌رمیان سوپاسی ئاراسته‌ی هه‌ریه‌ك له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتیی كتێبخانه‌ گشتییه‌كان كرد به‌رامبه‌ر به‌دابینكردنی چاپه‌مه‌نی بۆ كتێبخانه‌كانیان، هاوكات سوپاسی هه‌موو ئه‌وانه‌ی كرد كه‌ كتێبخانه‌كان به‌ماڵی دووه‌می خۆیان ده‌زانن‌و كۆمه‌كیان ده‌كه‌ن، به‌تایبه‌ت نووسه‌رو رۆژنامه‌نووسان كه‌ چاپكراوه‌كانیان ده‌كه‌نه‌ جوانترین دیاری.

له‌كۆتاییدا به‌ڕێزیان سوپاسی گه‌رمی ئاڕاسته‌ی به‌ڕێز به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی كتێبخانه‌ گشتییه‌كان(ئاسۆ حه‌سه‌ن) كرد بۆ سه‌رجه‌م هاوكارییه‌كانی بۆ سازكردنی یه‌كه‌م كۆنفرانسی كتێبخانه‌ گشتییه‌كان له‌مانگی رابردوودا كه‌ له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك له‌ كارمه‌ندانی كتێبخانه‌ی گشتی سلێمانیو سه‌رجه‌م كتێبخانه‌كانی تر كه‌ هه‌وڵی جدییان دا بۆ سه‌رخستنی هیوای به‌رده‌وامیش بۆ(ئاسۆی كتێبخانه‌) خواست كه‌ سه‌رچاوه‌یه‌كی به‌پێزو ئاسۆیه‌كی روونه‌ له‌ به‌رده‌م سه‌رجه‌م كارمه‌ندانی كتێبخانه‌كاندا.



پێشانگایه‌كی كتێب له‌ كه‌لار ٢٠١٠/٧/٢٧

## لە یەکەمین کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستاندا

# ٢١ راسپاردەو پێشنیاز لەپێناوی پێشخستنی رەوشی کتێبخانەکانی کوردستان

ئامادەکردن و فۆتۆ. تابان حەسەن




ئەنجامدانی کۆنفرانسی یەکەمی کتێبخانە گشتییەکان، ڕووداوێکی گرنگ بوو بۆ باسکردنی رەوشی کتێبخانەکان، هاوکات خستنەڕووی چەندین تەوەری گرنگ لەلایەن کارمەندو پسپۆڕانی بواری کتێبخانەکان بووە مایەی مشتومڕو گفتوگۆی چڕوپڕو بەشدارانی کۆنفرانسەکە سوودمەندبوون لێیان.

لێرەدا(پێشنیازو راسپاردەکان)ی کۆنفرانس دەخەینە بەرچاو، هاوکات(راگەیاندنی کۆتایی) کە لەلایەن ئەندامانی کۆنفرانسەوە پەسەندکراون:




## راسپاردەکان

١- دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتیمانی لەهەرێمی کوردستان.
٢- بەکارهێنانی پۆلێنی (ملڤل دیوی دەیی) بۆ پۆلێن کردنی کتێب لەگشت کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان.
٣- دابینکردنی پێداویستەکانی پۆلێنکردن لە کتێبخانە گشتییەکان :وەك (فەرهەنگ) دواچاپی (پۆلێنی ملڤل دیوی دەیی)،ئیندێکس لیستی سەرەبابەتەکان ،هێڵی ئەنتەرنێت بۆ کتێبخانە گشتییەکان ،دابینکردنی کۆمپیوتەری پێویست.
٤- پێگەیاندنی کادیری مرۆیی لەبواری زانستی کتێبخانەکان و دابینکردنی شارەزا لە (زمانەکانی کوردی،عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی ) لەهەر کتێبخانەیەکی گشتیو سودوەرگرتن لەتوانای زانستی وڵاتانی پێشکەوتوو.
٥ـ کردنەوەی بەشی کتێبخانەو زانیارییەکان لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆکان بەتایبەتی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.
٦ـ کردنەوەی خولی درێژخایەن لەبواری زانستی کتێبخانەکانو کارگێڕی کتێبخانەکانو ڕاهێنانی کارمەندانی کتێبخانە لەسەر رەوشتی پیشەیی (ئیتیك) .
٧ـ ڕەوانەکردنی کارمەندانی کتێبخانە بۆ دەرەوەی وڵات لەپێناوی پەرەپێدانی تواناکانیانو شارەزابوون لە ئەزموونی وڵاتان.
٨- داوا لەوەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێت ساڵانە لەهەربەشێکی کتێبخانەو زانیاریەکان لە پەیمانگا تەکنیکیەکان (٥–١٠) فەرمانبەری دەرچووی ئامادەیی لە کتێبخانەکان بەشێوەی تایبەت (کۆرسی خوێندن) وەربگرن.
٩ـ زێدەکردنی بودجەو خەرجی مانگانەی کتێبخانە گشتییەکان بەپێی جۆری خەرجییان بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی کتێبخانەی منداڵانو دابینکردنی پێداویستیەکانی کتێبخانەی گەڕۆك لەقەزاو ناحیەکان.
١٠- دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەو چاپخانەکان پابەندبن بە زانیاری بیبلیۆگرافیو ژمارەی سپاردن بۆ ئەو کتێبانەی چاپی دەکەن.
١١- دەرکردنی یاسایەکی سەردەمیانە بۆ کتێبخانە گشتییەکان.
١٢- خەرجکردنی دەرماڵەی مەترسی بۆ ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی کە لەبەشی کتێبو بەرگکردنی کتێبو کۆگاو دابەشکردنی کتێب لە کتێبخانە گشتییەکان کاردەکەن.
١٣ـ چاپکردنو بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بەشێوەی وەرزی تایبەت بە زانستی کتێبخانەکان.
١٤ـ هەردووساڵ جارێك کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکان ببەسترێت بۆ لێدوانو لێکۆڵینەوە لەپرسی کتێبخانەکان.
١٥- زۆر لە قەزاو ناحیەکان (کتێبخانەی گشتی) یان نییە گرفتیشی نەبوونی باڵاخانەو فەرمانبەرە لەم ڕووەوە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بەم بابەتە بدرێتو بەلایەنی کەم ساڵانە (٥) باڵەخانە لەوشوێنانە دروست بکرێت چونکە زۆر لە ناحیەکان هیچ دەزگایەکی دیکەی پەروەردەییو مەعریفی نییە.
١٦- تەکنەلۆژیایی نوێ بخرێتە نێو کتێبخانەکان،وەك قۆناغی یەکەم بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی کتێبخانەکان.
١٧- کردنەوەی بەشی منداڵان لەهەر کتێبخانەیەکی گشتیو کردنەوەی کتێبخانەی بچووك لەنێو پارکەکان بۆ گەنجانو منداڵان.
١٨ـ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندێتی کاروچالاکی کتێبخانە گشتییەکان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری و ئاسانکاری بۆ خەرجییەکانیان.
١٩- دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگا تەکنیکیەکان/بەشی کتێبخانەو زانیارییەکان کەبەسەدان دەرچوو دانەمەزراونو کتێبخانە گشتییەکان لەشارو شارۆچکەکان پێویستی بەخزمەتییانە.
٢٠ـ دابینکردنی باڵاخانەیەك بۆ کردنەوەی کتێبخانەی گشتی لە قەزای سۆران کەشارێکی گەورەی بێ کتێبخانەیەو زانکۆی لێیەو زۆر پێویستە.
٢١- کردنەوەی کتێبخانەی گشتی لە دەڤەری بادینان کە چوار کتێبخانەی گشتی لێیە،لەوانیش تەنها کتێبخانەی گشتی بەدرخانیان لە دهۆك باڵاخانەی شیاوی هەیە.











## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانس

لەژێر دروشمی (پەرەپێدانی کتێبخانە گشتییەکان ئەرکێکی پەروەردەیی و مەعریفییە) بەچاودێری بەڕێز د. کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە ڕۆژی١١–٢٠١٠/٧/١٣ لە هەولێر پایتەختی هەرێم سەرکەوتوانە بەڕێوەبرد.

لە کۆنفرانسەکەدا کە (٨٠) هەشتا ئەندام بەشدار بوون لە پسپۆرو شارەزایانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکانو کارگێڕیو بەڕێوەبەرانی کتێبخانە گشتییەکان ،دوای هەڵبژاردنی لیژنەی هەڵسوڕێنەری کۆنفرانس و لیژنەی راسپاردەو بڕیارەکان،هەڵوەستە لەسەر دووازدە تەوەری گرنگی تایبەت بە پرسی کتێبخانەی گشتیی و چۆنیەتی پەرەپێدانیان کرا کە تەوەرەکان بریتی بوون لە :–

سیستەمی یەکگرتووی پۆلێنکردنی کتێب لەکوردستاندا،پێرستی یەکگرتوو بۆ ڕێنمایی خوێنەر .چۆنیەتی دروستکردنی بیبلۆگرافیا .پەرەپێدانی بەشی منداڵان .کتێبخانەی ئۆتۆماتیکی ،کتێبخانەی نیشتیمانی،کارمەند لە کتێبخانەی گشتییدا ،ئەزموونی کتێبخانە گشتییەکان لە کۆریاو میسر .کتێبخانەی شارو شارۆچکەکان .بەشی خولاوەکان لە کتێبخانەی گشتی.گرفتی کتێبخانە گشتییەکان لەڕووی میلاکی پسپۆڕو باڵاخانە.

ئەم کۆنفرانسەی کتێبخانە گشتییەکان،یەکەمین کۆنفرانسە لەهەرێمی کوردستان شێوازێکی نوێی گرتەخۆ بۆ لێکۆڵینەوەو لێدوان لەمەڕ پرسە گرنگەکانو کاتی زۆر بۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە تەرخانکرابوو،هەروەها چەندین بڕیارو پێشنیارو ڕاسپاردە دەرچوون کە گرنگترین بڕیار پێکەوەنانی لیژنەیەکی (٩) کەسی بوو لە پسپۆرو شارەزایانی بواری پۆلێنکردن تا بەهاریکاری شارەزایانی زمانو ئەدەبیو جوگرافیاو مێژووی کورد بتوانن لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە سیستەمێکی یەکگرتووی پۆلێنکردنی کتێب لەهەرێمی کوردستان.

هەر لەکۆنفرانسەکەداو لەپاش نیوەڕۆی دوارۆژدا (٢١) پێشنیارو راسپاردە بەرزکرانەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری کە هێنانە دییان دەستەبەری پەرەپێدانێکی گەورە دەکات لەبواری خزمەتگوزاری کتێبخانە گشتییەکانو بەجێگەیاندنی بەشە زۆرەکەی ئەو ئەرکە پەروەردەییو مەعریفییەی کەلە ئەستۆی کتێبخانە گشتییەکاندایە وەك بەشدارێك لە پرۆژەی گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا بەم ڕاگەیاندنەش کۆنفرانس و لەپاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی کۆنفرانسەکە هێنا.

**لیژنەی باڵای یەکەمین کۆنفراسی کتێبخانە گشتییەکان**

**هەولێر ٢٠١٠/٧/١٣**



# سیستمی پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێس

## Library of Congress Classification

ئا. شێرزاد سەعید محەمەد



### کورتەیەکی مێژوویی

کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمەریکی لە ساڵی (١٨٠٠) دامەزراوە، دوای ئەوەی کە ژمارەی سەرچاوەکانی گەیشتە زیاتر لە(٣٠٠٠)سەرچاوە، سەرەتاکانی پێویستی و بیرکردنەوە لە پۆلێن کردنی هەست پێکرا. کە لەو کاتەدا تەنها بەشێوەی قەبارەی سەرچاوەکەو ئەو زنجیرەیەی کەبەسەرچاوەکە درابوو پۆلێن کرابو. دواتر سیستمێکی پۆلێنی بۆ دانرا کە دابەشکرا بووبەسەر١٨ بەشی گشتی وسەرەکیدا، کەفەلسەفەی(بیکۆن)کرابوو بەبنەمای.

بەڵام ئەم کتێبخانەیە لەسەر دەستی سەربازە (بەریتانییەکان) لە ساڵی (١٨١٤)دا سوتێنرا. دواتر (تۆماس جیفرسۆن) کتێبخانەکەی خۆی فرۆشت بەو کتێبخانەیە کە لەو کاتەدا نزیکەی ٧٠٠٠ سەرچاوە دەبوو، کە بە شێوازێك ئەو کتێبخانەیە پۆلێن کرا، کە خودی (جیفرسۆن)داینا بوو، کە لە ٤٤ بەش پێکهاتبوو، ئەویش فەلسەفەی (بیکۆن)ی کردبوو بە بنەما. بەداخەوە ئەم کتێبخانەیەش لە دواتردا سووتێنرا. بەڵام سیستمی پۆلێنی جیفرسۆن تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم پیادە دەکرا.

لە ساڵی ١٨٩٩ بینایەکی نوێ بۆ کتێبخانەکە دامەزرا، (د. هربرت بوتنام)بووبە ئەمینداری کتێبخانەکە. کە لەو کاتەدا بڕیاری دا بەسەرلەنوێ پۆلێنکردنەوەی کتێبخانەکە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە کتێبخانەکە زۆر بەخێرایی گەشەی دەکرد و سەرچاوەکانی روو لەزیاد بوون بوو، کە ئەو سیستمەی کە پەیڕەو دەکرا بۆ کتێبخانەکە نەیدەتوانی کۆنترۆڵی ئەو هەموو ژمارە سەرچاوەیەی پێ بکرێت.

لەوکاتەدا سیستمی پۆلێنی (ملڤل دیوی) لە چاپی پێنجەمیدا بوو، سیستمی (کەتەر) لەسەرەتاکانی گەشەکردنیدا بوو. هەروەها سیستمی تری پۆلێن لەدەرەوەی ئەمەریکا بەهەند وەرگیرا، بەڵام لەو کاتەدا سیستمی ئەڵمانی (ئۆتۆ هارتڤیچ) هەبوو ئەویش بەتەواوەتی کاریگەرییەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی لەسەر بوو.

بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە بەهاوکاری (کەتەر)و بەدامەزراندنی چەند کەسانێك کە تایبەتمەند لە بوارەجیاجیا کانی زانستدا، بیر لە دروستکردنی سیستمێکی سەربەخۆ بکەنەوە. سەرەتا دەستیان کرد بەکاری پێشخستنی خشتەکانی (کەتەر) بەڵام هەرخشتەو بەجیا و سەربەخۆ. ئامادەکردنی خشتەکانی پۆلێنی کۆنگرێس چەندەها ساڵی خایاند تاوەکو ساڵی ١٩٤٠ تەواو بوو (جگە لەبەشی یاسا کەتاوەکو ئێستاش) کەموکوڕیی تێدایە.

ئەم سیستمە پابەند نییە بەڕێکخستنی زانستییانەی بابەتەکان، بەڵکو ڕێکخستنێکی گونجاو لەگەڵ هەموو کۆمەڵەکاندا. بەپێی ئەوەی کە ئەمانە کۆمەڵێك کتێبن نەك بەتەنها کۆمەڵێك بابەت. بۆیە ئەم سیستمە وەك سیستمێکی ئەژمارەیی دادەنرێت نەوەك وەك سیستمێکی زانستی کەپشت بە شیکردنەوەو پێکەوەبەستنەوە بگرێت.

ئەم سیستمە بە (٢٨)بەرگ بڵاوکرایەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣–١٩٨١ و (٥٠) بەرگی وەك پاشکۆی خشتە سەرەکییەکان هەیە. ئەم سیستمە هێمای تێکەڵ بەکاردەهێنێت لە پیت و ژمارە.

ژمارەکانی بەکارهاتوو لەنێوان (٠٠٠٠—٩٩٩٩)ەیەو پیتە هیجائیە گەورەکانی زمانی ئینگلیزی (A-Z)و پیتە بچووکەکانی زمانی ئینگلیزی( a-z) بەکارهێناوە. هەروەها ڕێبەرێکی گشتی و چونیەك نییە بۆ ئەم سیستمە، بەڵکو هەموو بەشێکی سەرەکی ڕێبەرێکی پاشکۆی هەیە، تازەگەریی ئەم سیستمەش بە پێی دەرچوونی چاپی نوێیە بۆ ژمارە بنچینەییەکان. بۆ دەرکردنی چاپی نوێش پابەند نین بەکات و ساتێکی دیاریکراوەوە. بۆ نموونە چاپی یەکەمی خشتەکانی تایبەت بە (مێژوو) لەساڵی ١٩١٦ بڵاوکرایەوە ، بەڵام چاپی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکرایەوە، هەروەها سەبارەت بە بابەتەکانی تریشی.

بەهۆی زۆری هێماکانییەوە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەم سیستمەدا کارێکی ئەستەمە. هەروەها بەشەکانی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە لەکۆلێج و پەیمانگاکان ئەم جۆرە پۆلێنە ناخوێنن، ئەم سیستمە زیاتر بۆ ئەو کتێبخانانە بەکاردەهێنرێت کەسەرچاوەی زۆری (چەند ملیۆنی)یان هەبێت، هەروەها سیستمی ڕەفی خواستنی سەرچاوەکان لە جۆری داخراوبێت.

### بنەما بنچینەییەکانی سیستمەکە

سیستمەکە لە بنەمادا (ئەژمارەیی)یە، هەندێ سیفەتی لە سیستمی (کەتەر) وەرگرتووە لەوانە ڕێکخستنی بەشە سەرەکییەکان و بەکارهێنانی پیتی گەورەیی هیجائی لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆ لقەکان پیتی بچووك بەکارهاتووەو بۆ دابەشکردنی بەشەکانی تر ژمارەی عەرەبی بەکارهێناوە، هەروەها بۆ تەواو کردنی کاری پۆلێنکردنەکە ژمارەی بۆ ناوی نووسەرەکان داناوە. هەروەها سیستمەکەبۆدابەشکردنی بەشە سەرەکییەکان، پەیڕەوی بنەمای دابەشکردن لەبابەتی گشتی بۆ بابەتی تایبەتی گرتۆتەبەر، هەروەها سوودی لەریزبەندی مێژوویی وەرگرتووە. بەڵام سەبارەت بەبابەتە جوگرافییەکان زۆربەی بەپێی ریزبەندی هیجائی ریزبەند کراوە، بەڵام لەسەرەتادا گرنگی بە جیهانی ڕۆژئاواو ئەمەریکا داوە.

### خشتەکانی پۆلێنی گۆنگرێس

سیستمەکە زانستەکانی دابەشکردوە بەسەر (٢١) بەشی سەرەکیدا بەم شێوەیەی خوارەوە:—

| | | | |
|---|---|---|---|
| A | GENERAL WORKS | المؤلفات العامة | بابەتە گشتییەکان |
| B | PHILOSOPHY. PSYCHOLOGY. RELIGION | الفلسفة | فەلسەفە |
| C | AUXILIARY SCIENCES OF HISTORY | العلوم المساعدة في التاريخ | زانستی یاریدەدەر لە بواری مێژوو |
| D | HISTORY (GENERAL) AND HISTORY OF EUROPE | تاريخ العام و القديم | مێژووی گشتی و کۆن |
| E/F | HISTORY: AMERICA | التاريخ الامريكي | مێژووی ئەمەریکا |
| G | GEOGRAPHY. ANTHROPOLOGY. RECREATION | الجغرافيا و الانثروبولوجيا | جوگرافیاو ئەنترۆپۆلۆجیا |
| H | SOCIAL SCIENCES | العلوم الاجتماعية | زانستی کۆمەڵایەتی |
| J | POLITICAL SCIENCE | العلوم السياسية | زانستی رامیاری |
| K | LAW | القانون | یاسا |
| L | EDUCATION | التربية و التعليم | پەروەردەو فێرکردن |
| M | MUSIC AND BOOKS ON MUSIC | الموسيقا | مۆسیقا |
| N | FINE ARTS | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| P | LANGUAGE AND LITERATURE | اللغات و الاداب | زمان و ئەدەب |
| Q | SCIENCE | العلوم | زانست |
| R | MEDICINE | الطب | پزیشکی |
| S | AGRICULTURE | الزراعة | کشتوکاڵ |
| T | TECHNOLOGY | التكنولوجيا | تەکنەلوجیا |
| U | MILITARY SCIENCE | العلوم العسكرية | زانستی سەربازی |
| V | NAVAL SCIENCE | العلوم البحرية | زانستی دەریایی |
| Z | BIBLIOGRAPHY. LIBRARY SCIENCE. INFORMATION RESOURCES (GENERAL) | البيلوغرافيا و علم المكتبات | بیبیلۆگرافیا و زانستی کتێبخانە |

دواتر بابەتەکان زیاتر شی دەبنەوەو لقی تریان لێدەبێتەوە :— بۆنموونە پیتی(A) کەتایبەت بوو بە بابەتە گشتییەکان دابەش دەبێت بۆ(AC) کۆمەڵەکان و زنجیرەکان،(AE)ئینسایکلۆپیدیا، (AI) ڕێبەری گشتی....هتد بۆ بابەتەکانی تریش بەهەمان شێوە دابەش دەبن و لقیان لێدەبێتەوە.

### چۆنییەتی پۆلێن کردن بەپێ ی ئەم سیستمە

١— بۆ نموونە ئەگەرسەرچاوەیەکمان لەبەر دەستدا بوو ناونیشانەکەی (مقدمة في المنطق الرمزي) بێت ئەوا ژمارەی پۆلێنەکەی (BC135) دەبێت. شیکردنەوەی ژمارەکە.

| | |
|---|---|
| B | فەلسەفە |
| BC | ژیربێژی |
| 135 | ژیبێژی هێمایی و بیرکاری تاوەکو دوای ساڵی ١٨٠٠ |
| BC 135 | سەرەتایەك لە ژیربێژی هێمایی |

٢— بۆ نموونە ئەگەر سەرچاوەیەکمان لەبەر دەستدا بێت ناونیشانەکەی(مبادئ الانتاج المسرحي لأعمال شكسبير)بێت، ئەوا ژمارەی پۆلێنەکەی (PR 3091-3112 )دەبێت.

| | |
|---|---|
| PR | ئەدەبی ئینگلیزی |
| 3091 | شانۆی ئینگلیزی |
| ٣١١٢ | شانۆ بەناوبانگەکانی شکسبیر |
| PR 3091-3112 | بنەماکانی بەرهەمی شانۆی شکسبیر |

### لایەنەباشەکانی پۆلێنی کۆنگرێس

١— ئاسانی لەبەکارهێناندا، چونکە هێماکانی لە پیتی لاتینی و ژمارەی عەرەبی پێك هاتووە.

٢— کورتی، چونکە سیستمەکە هەموپیتەکانی لاتینی بەکارنەهێناوە.

٣— گشتگیری، سیستمەکە ٣٤ بەرگ دەگرێتە خۆ ئەمە جگە لە پوختەی سیستمەکەو هەموو بابەتێك چەند بەرگێگ لە خۆ دەگرێت.

٤— نەرمی و توانای فراوان بوون، چونکە سیستمەکە ڕێگای داوە بە فراوان بوون بەپێی گەشەکردنی زانستەکان.

### لایەنەخراپەکانی پۆلێنی کۆنگرێس

لایەنەخراپەکانی ئەم سیستمە ئەوەیە کە هێماکان بەگرانی بەبیر کارمەندان و سوودمەندەکاندا دێتەوە، نەبوونی پێشەکی بۆ سیستمەکە، نەبوونی شیکردنەوەیەکی بابەتییانە بۆ بەش و بابەتەکان، پەرش و بڵاوی لەبابەتەکاندا چونکە هەر بابەتەو لەلایەن تایبەتمەندێکەوە ئامادەکراوە.

سەرچاوەکان

١. ج. ملز "نظم التصنيف الحديثة في المكتبات" أسسها النظرية وتطبيقاتها العملية، ترجمة عبد الوهاب أبوالنور، الصفحات ١٤٢–١٧٣ (القاهرة: مكتبة غريب، ١٩٨٢).

٢. أسس التصنيف والتصنيف العملي، محمود أحمد أتيم، الصفحات ١٤٥–١٩٨ (بيروت: دار الجيل،عمان:مكتبة المحتسب، ١٩٨١.

٣. برجيس عزام، مدخل الى تصنيف المكتبات، الصفحات ١٣٤–١٣٩. سورية:مطابع الصباح،١٩٨٦ .

4-http://www.elshami.com .

# بنەماکانی پۆلێنکردنی کتێب

و. بەختیار قادر

**یەکەم**

**بنەما گشتییەکانی پۆلێنکردنی پراکتیکی**

١- دانانی کتێب بەشێوەیەك گەورەترین سوود ببەخشێت، مەبەست لەم بنەمایەش کتێبە لەو جێگایەدا کە پۆلێنکار پێشبینی دەکات زۆرترین خوێنەر رووی تێبکەنو سوودمەندبن لێیان، کتێبخانەکان لەنێو خۆیاندا جیاوازن لەرووی بەرپرسیارێتی پۆلێنکارەوە، ئەویش: ئایا کتێب لەکوێدا دادەنرێ کە سوودی گەورە بگەیەنێ بەخوێنەر؟

باچەند نموونەیەك بهێنینەوە:

- کتێبی (سابوون)، ئایا لەنێو ئەو کتێبانەدا دادەنرێت کە سەبارەت پیشەسازین، یان دەخرێتە نێو ئەوانەوەی کە دەربارەی پاکژکەرەوەکانن؟
- کتێبی(بەناوبانگترین پزیشکەکانو داهێنانە پزیشکییەکانیان، دەخرێتە ژیانتانەوە، یان دەخرێتە ئەو کتێبانەو کە تەرخانن بۆ باسەکانی پزیشکی؟

هەربۆیە دەبێت پۆلێنکار سروشتی هامشۆکەرانی کتێبخانەکەی لەبەرچاو بگرێت، ئامانجی کتێبخانەکەشی لەبڕیارەکانیدا بەهەند وەربگرێت.

٢- دەبێت پۆلێن بەپلەی یەکەم بەپێی بابەت بێت، پاشان بەپێی ئەو فۆرمەی کە بابەتی کتێبەکەی لەسەر دانراوە، با نموونە بۆ ئەمە بهێنینەوە:

زمان(پۆلێن بەپێی بابەت)

فەلسەفەی زمان(پۆلێن بەپێی فۆرم)

هەمیشە بابەت بناغەیە بۆ پۆلێن کردنی هەر کتێبێك، پۆلێن هەمیشە بەپێی بابەتە، تەنیا لەدوو حاڵەتدا نەبێت:

أ- دانراوە گشتییەکان(٠٠١-٠٩٩)، ئەمانە: فەرهەنگی زمان، ئینسکلۆپیدیا، کۆمەڵە وتار..تاد، بەشێوەیەك پۆلێن دەکرێن، جیا لەپۆلێن بەپێی بابەتێکی دیاریکراو، چونکە دەچنە خانەی چەندین بابەتەوە.

ب- ئەدەبیات(٨٠٠-٨٩٩) هەر هەموویان بەشێوەی(چیرۆك، شیعر، شانۆنامەو...تاد) پۆلێن دەکرێن، نەك بەپێی بابەت، چونکە ئێمە سەرنج نادەینە بابەتی چیرۆك، یان بابەتی قەسیدەی شیعریی، بەڵکو بەتەنیا فۆرمەکەیمان بەسە، چونکە ئەوەشە مەبەستی لەئەدەبیاتدا.

ئەو کتێبانەی کە فۆرمی دیاریکراویان هەیە، وەکو فەرهەنگەکانو ئەنسکلۆپیدیاو...تاد، ئەوانەی گوزارشت لە بابەتی دیاریکراو دەکەن، بەپلەی یەکەم ئەو کتێبانە هێمای نیشاندەر بەپێی بابەتەکانیان وەردەگرن، ئینجا بەپێی فۆرمی کتێب هێما وەردەگرێت، بۆ نموونە:

فەرهەنگ لە زانستی رووەکزانی(٥٨٠,٣).

٣- پۆلێنی کتێب بەپێی نزیکترین ناونیشان دەبێ کەرێنیشاندەربێت بۆی، یان بەتایبەت لەبەر رۆشنایی خەسڵەتەکانی، ئەگەر کتێبێك باس لە(شانۆکان) بکات ئەوا پۆلێنکردنی لەژێر ئەو ناونیشانەدا دەبێت کە ژمارەی پۆلێنی(٧٩١,٥)وەردەگرێت، نەك لەژێر ناونیشانی فراوانتردا کە(ئامرازەکانی خوشگوزەرانی گشتیی،یەو دەچێتە خانەی ژمارەی پۆلێنی(٧٩١)ەوە.

نموونەیەکی تر:

کتێبێك سەبارەت بابەتی(سندوقی کۆکردنەوە لەپۆستدا بێت، ئەوا لەژێر ئەو ناونیشانەدا پۆلێن دەکرێت کە کتێبەکانی(کۆکردنەوە لەپۆستدا)، نەوەك بابەتی گشتیی(بانکی خڕکردنەوە)دا، یان لەژێر ناونیشانی فراوانتری(ئابووریی پارە)دا:

سندوقی کۆکردنەوەی پۆست: ٣٣٢,٢٢

بانکی کۆکردنەوە: ٣٣٢,٢

ئابووریی دارایی: ٣٣٢

٤- ئەگەر کتێبێك دوو یان سێ بەشی سەبارەت بابەتێکی گشتیی بوو، ئەوا پۆلێنکردنی لەبەر رۆشنایی بەشە زۆرەکەیدا دەبێ، گەر وانەبوو دەچێتە خانەی بەشی یەکەمیەوە. ئەگەر کتێبێکیشی زیاد لەسێ بەش بوو، ئەوا دەچێتە خانە، پۆلێنی ئەو بەشەی گشتگیر ترە.

بۆ نموونە:

کتێبێك باس لە بابەتەکانی(فێرکردن، بەڕێوەبردن، رێکخستن)بکات، ئەوا پۆلێنی لەسەر یەکێك لەو بابەتانە دەکرێت کە فراوانتربێت لەوانی تر، گەر هێندەی یەکیش بوون ئەوا دەخرێتە خانەی یەکەمیانەوە.

٥- ئەگەر بابەتێك، زیاتر لەبابەتێکی جیاوازتر دوا، ئەوا پۆلێنی لەسەر ئەوەی دووەمیان دەبێت کە لێی دەدوێت بۆ نموونە:

کتێبێك باسی (بینینی ئەندازەیی) ئەوا لە خانەی (بینین)دا پۆلێن دەکرێت، نەك لەبابەتی ئەندازەدا.

٦- ئەگەر کتێبێك سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراوی ناوچەیەکی جوگرافی بوو، ئەوا لەژێر بابەتدا پۆلێن دەکرێت:

بۆ نموونە:

کتێبێك بەم ناونیشانە بوو (ژیانی کۆمەڵایەتی لە دێهاتی میسری)دا دەبێ یەکەمجار لەبابەتی (کۆمەڵناسی)دا پۆلێن بکرێت، پاشان هێمای رێنیشاندەر دیاری بکرێت بۆ ناوچە جوگرافیەکە کە (میسر)ە.

٧- کتێبەکانی مێژوو سەرەتا بەپێی (کیشوەرەکان) دابەشدەکرێن، ئینجا بەپێی وڵاتەکان.

٨- ئەگەر جێگایەك لە نەخشەکانی پۆلێندا بۆ بابەتی کتێب نەبوو، بۆ نموونە کتێبێك باس لە بابەتێکی یەکجار نوێ بکات کە لەوەوبەر لە پلانی پۆلێن دا نەبووبێت، دەبێ پۆلێنکار بەشوێن نزیکترین شوێنی گونجاودا بگەڕێ بۆ بابەتی کتێبەکەی، لەم کاتەدا دەبێ ئەو کەسە زانیاریی تەواوی هەبێ لەسەر ئەو بوارەی کە کتێبەکە باسی دەکات.

باشتر وایە، پۆلێنکار زانیاریی تەواوی هەبێ سەبارەت بە کورتەی نەخشەکانی پۆلێنی دیوی دەیی، چونکە کاتێك دەیەوێ بابەتی کتێب دیاری بکات تا پۆلێنی بکاتو لەجێی گونجاودا، نەك هەموو جار بگەڕێتەوە سەر کورتەی نەخشەی یەکەم.

هەرچۆن پێویستە پۆلێنکار شارەزایی هەبێت بەو بابەتانەی لە کورتەی نەخشەی دووەمی پۆلێندا هاتوون، لەگەڵ ئەوانەی لە کورتەی سێیەمدا هەن، لەگەڵ بەردەوامیی لە بەکارهێنانی نەخشەکاندا شارەزایی زۆرتر دەبێ لە دیاریکردنی بابەتی کتێبداو هەڵبژاردنی ژمارەی پۆلێنی گونجاو، بەبێ ماندووبوون.

**دووەم**

**پلانی پۆلێنی دیوی دەیی**

لەپۆلێندا، دابەشبوونی زانیارییەکان بەسەر دە پلەی سەرەکیدایەو هەریەك لەو بەشانەش دابەشدەبنەوە بەسەر دە بەشی تردا، هەریەك لەوانیش دابەشدەبنەوە بەسەر دە لقداو بەو شێوەیە، بۆ نموونە:

زانیاریی کۆمەڵایەتی (پلەی سەرەکیی): ٣٠٠

پەروەردەو فێرکردن (بەش): ٣٧٠

پڕۆگرامەکانی خوێندن (لق): ٣٧٥

هەر بەو شێوەیەی پۆلێنی (دیوی دەیی)و پلە سەرەکییەکانی لە (دیو)دا بەمجۆرەیە:

زانیاری گشتی

فەلسەفەو سایکۆلۆژیا

ئایینەکان

زانستە کۆمەڵایەتییەکان

زمانەکان

زانستە تیۆرییەکان

زانستە پراکتیکییەکان

هونەرەکان

ئەدەبیات

جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو

لۆژیکی پشت ئەو دابەشکردنانە بەپێی بیرکردنەوە (میلفیل دیوی) ئەو مرۆڤە بووە کەبۆ یەکەمجار دابەزیوەتە سەر زەویو دەستی کردوەتە پرسیار لەخۆیو گەردوونەکی کردوە (فەلسەفەو دەروونزانی)، پاشان مرۆڤ روو لەپەروەردگاری خۆیو گەردوون بووەو پەیوەندیی لەنێوان خۆیو خودادا (ئایینەکان) درووست بووە، چەندە مرۆڤ بەکاتو شوێنی تردا رەت بووبێت، گروپی دیکەی ناسیوەو پەیوەندیی لەگەڵدا بەستوونو لێیان کۆڵیوەتەوە (زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، ئینجا پێویستی بەگەشەدان هەبوو بۆ هێمای تر تاوەکو هێماکانی دوان بدۆزێتەوە لەنێوان گروپەکاندا، واتە لەنێوان خۆیاندا بەکۆمەڵ (زمانەکان)، مرۆڤ دوای ئەوە بیرکردنەوەی هەبووە بەرامبەر خۆرو ئەستێرەکانو زەمینو رووەكو ئاژەڵو جەستەی مرۆیی (زانستە رووتەکان) یان تیۆرییەکان.

پاشان ئەو زانیارییە بەکارهێنراوە بۆ هێنانەدیی سوودی بەرچاو، واتە بەکارهێنانی زانستە تیۆرییەکان بۆ مەبەستی زانیاریی لەبوارەکانی کشتوکاڵو پزیشکیو تەلارسازیو.. تاد (زانستە پراکتیکییەکان)، پاش ماندووبوونی مرۆڤ بەدەست کاری پراکتیکییەوە پێویستی بەحەوانەوەو خۆشبەسەربردن هەبوو (هونەرەکان)و تۆماری ئەو هونەرانە (ئەدەبیات)، دواجار مرۆڤ لەگەشتی سەرزەویدا پێویستی بەوەسفو تۆمار هەبووە بۆ نەوەکانی داهاتوو: وەسفی زەمین، وەسفی رووداوەکانو تۆمارکردنیان، وەسفی مەزنە مرۆڤەکانو بەناوبانگەکانیان (جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو).

هەر بەو شێوەیە (دیوی) زانیاریی مرۆیی دابەشکردووە بەسەر نۆ بەشی سەرەکیدا، کە لەریزبەندییکی لۆژیکیداو بەپێی تێڕوانینی خۆیدا هاتوون، پاشان مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە هەندێ بابەت بەپێی لۆژیك ناچنە نێوان هیچ یەك لەنۆ بەشەکە، هەر بۆیە لەبەشێکی گشتیدا کۆیکردوونەتەوەو لە سەرەتای پۆلێندا دایناونو بەوەش پۆلێنەکە بووەتە دەبەش.

(میلفیل دیوی) هەر بەشەی دابەشکردووە بەسەر دە لقدا، لەگەڵ رەچاوکردنی لۆژیکدا، بۆ نموونە پلەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (٣٠٠) ئەمانەی لەخۆگرتووە:

٣١٠ ئامار

٣٢٠ سیاسەت

٣٣٠ ئابووری

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێریی گشتیی

٣٦٠ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

٣٧٠ پەروەدەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانیو گواستنەوە

٣٩٠ دابو نەریتو فۆلکلۆر

هەر بەو شێوەیە لەهەموو پلانی پۆلێندا کەبەپلانی پۆلێنی دیوی دەیی ناونراوە.

**بەهێماکردن**

پۆلێنی دیوی دەیی بەشێوەیەکە هەر بابەتە لەنێو پۆلێندا هێما، یان ئاماژەی خۆی هەبێ بەدەلالەتی کۆدی خۆیەوە، ئەو هێمایە، یان ئەو کۆدە گوزارشت بووە لەبابەتێك و نەکراوە بە بابەتی تر قەرەباڵغ بکرێت، دەبوو هێماکان بەتەنیا لەژمارە پێکبێن، ئەو هێمایە دەبوو ئاماژە بۆ کتێبی دیاریکراوو بەوە بابەتیان دیاری دەکرا، لەوەش زیاتر رەنگدانەوەی لۆژیکی بوونو لەپلەوە بۆ بەش بۆ لق ریزبەندی کراون، بۆ نموونە، میلفیل دیوی لەپۆلێنەکەیدا هێما رووتەکانی لەبەر ئاسانییانو باش بەکارهێنانیان خسووەتەکار، ئەم نموونەیەش ئەوە دەسەلمێنێت:

٠٠٠ زانیاریی گشتیی

١٠٠ فەلسەفەی دەروونزانی

٢٠٠ ئایینەکان

٣٠٠ زانستی کۆمەڵایەتی

٤٠٠ زمانەکان

٥٠٠ زانستە تیۆرییەکان

٦٠٠ زانستە پراکتیکییەکان

٧٠٠ هونەرەکان

٨٠٠ ئەدەبیات

٩٠٠ جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو

یاخود، ٣٠٠ (زانستە کۆمەڵایەتییەکان):

٣١٠ ئامار

٣٢٠ سیاسەت

٣٣٠ ئابووری

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێریی گشتیی

٣٦٠ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

٣٧٠ پەروەدەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانیو گواستنەوە

٣٩٠ دابو نەریتو فۆلکلۆر

دوای ئەوەش، هەربەشە بەسەر دەلقدا دابەشبوون، هەر لقەش هێمای لەهێمای بەشەکانەوە لێبووەتەوە، ئەوەتا (٣١٠) دابەشبووە بەسەر:

٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣١٩.

هەر لقەش دابەشبووەتە بەسەر دە پەلی دیکەدا، هەریەکەش هێمای خۆی هەبوو، بۆ نموونە:

٣١١,١، ٣١١,٢، ٣١١,٣، ٣١١,٤، ٣١١,٥، ٣١١,٦، ٣١١,٧، ٣١١,٨، ٣١١,٩.

**گونجاوی**

زانیاریی مرۆیی بابەتی وای هێناوەتە ئارا کەلەوەو بەر مرۆڤ پەی پێ نەبردوون، وەك ئەتۆمو داگیرکردنی گەردوونو مانگە دەستکردەکانو پەیوەندییەکان لەدوورەوە، هەروەها کۆمپیوتەرو لێزەر، لەگەڵ شتی زۆری دیکە لە چەرخێکدا کەبە چەرخی زانیارییەکان ناوبراوە، یان چەرخی تەقینەوەی مەعریفی.

کە پۆلێن بریتی بێت لە ئەندازەی زانیاریی مرۆیی، پێویستە گونجاوییەکە بەجۆرێ بێت بابەتی نوێ بگرێتە خۆ لە شوێنی سروشتی خۆیدا لەچوارچێوەی لۆژیکی گشتیی پلانەکەدا، لەگەڵ فەرامۆشکردنی ئەو بابەتانەی بەکارنایەت، بێ لێگرانی پێکهاتەی گشتیی پۆلێن کردن.

پێویستە بابەتی نوێ لە پلانی پۆلێندا بەتەنیا خاوەنی شوێنی لۆژیکی خۆی نەبێت، بەڵکو هێمای لۆژیکیشی هەبێت، لەگەڵ ئەو پێویستییەشدا بابەتێ گەر لەپلانی پۆلێن دووربخرێتەوە، ئەوا نابێ هەرگیز ژمارەکەی بەکاربهێنرێتو بدرێتە بابەتێکی تر.

**سێیەم**

**پلانی لەوەوبەر ئامادەکراو**

ئەگەر هەر کتێبخانەیەك، بەتەنیا رەنجی زۆر بدات بۆ ئامادەکردن پلانی پۆلێنی تایبەت بەخۆی، ئەوا هەزاران پۆلێن لەیەك وڵاتدا دێنە ئارا، بگرە دەیان پۆلێن لەیەك جۆری کتێبخانەدا لەو وڵاتەدا دەبینرێنەوە، بەوەش بەفیڕۆدانی کاتو رەنجو پارە دەخولقێنێ، لەگەڵ نەبوونی گونجان لەنێوان کارمەندی کتێبخانەکانداو سەر لێشێوانی سوودمەندان، بەوەی جیاوازیی زۆر دەبینن لەنێوان کتێبخانەیەك بۆ یەکێکی تردا، لەیەك جۆری کتێبخانەدا یاخود لەجۆرە جیاوازەکانیاندا.

هەر بۆیە پیشەی کتێبخانەو زانیارییەکان پێویستی بە کەرەستەی پێوانەیی هەبووە لەکارەکانیدا، لەوانەش پلانی پۆلێن هەربۆیە دەبینێت هەر کتێبخانەیە پلانی پێشوەختی هەیە کەلەوەوبەر ئامادەی کردووە، کەواتە دەیان هەزار کتێبخانە لەوڵاتاندا دەبینرێنەوە کەخاوەن یەك پلانن، لەوانەش پلانی باوە لەنێویەك وڵاتدا، یان لەسەر ئاستی جیهان.

دەبێ ئەو پلانە سێ سیمای سەرەکیی هەبێت پێشەکیو رێبەری کار (نەخشە)و ئیندێکس، لەپێشەکیدا پلانەکە فەلسەفەی پۆلێنی روونەکاتەوە، هەروەها چۆنێتی دابەشکردن زانیارییەکانو لۆژیکی ئەو دیو دابەشکردنەکە، لەگەڵ دابەشکردنی هەرەمیی زانیاریی مرۆیی، لەبەردەم هەر دابەشکردنەشدا هێمای تایبەت دەدۆزێتەوە، رێبەریش سەرجەم بەشەکان لەنەخشەکاندا دیاری دەکات، بەپێی ریزبەندی هێماییو رەها لەگەڵ دانانی هێماکانیان، لەبەرامبەریاندا.

سەرچاوە:

فهمي مصطفى، تصنيف الكتب في المكتبات المدرسية والمكتبات العامة، القاهرة، ٢٠٠٩.



کتێبخانەیەك لە پورتوگال

# سیستمە نوێیەکانی زانیاری لەکتێبخانەو ئەرشیفەکاندا

و. کامیل محەمەد قەرەداغی

(٢-٢)

**١،١،٢،٩ نووسین**

دامەزراندنی سێرڤەر بۆ هەر ئامرازێك لە ئامرازەکانی ئینتەرنێت، پێویستی بە بەکارهێنانی کۆمەڵە پرۆتۆکۆلو بەرنامەیەکی تایبەت هەیە. بۆنموونە(پەیج) لاپەڕەیەکی ئینتەرنێت، بەپێی کلێشەیەکی خۆت دروستدەکەیت، کلیلی بابەتێك دەستنیشان دەکەیتو دەیکەیت بە(هایپەرتێکست) بۆئەوەی بتگوێزێتەوە سەر باسێکی تر، ئەم بەستنەوەیە پێیدەگوترێت زمانی (html)، کە زمانێکی گەڵاڵەکردنی پێوانەییە بۆ گرێدانی تۆڕی جیهانی (www) بەکاردەهێندرێت. ڕێنماییە پێویستەکانی (html) لەسەر دەقەکەی خۆت جێبەجێ دەکەیت، دەکرێ دەقەکەت بە بەرنامەی وێرد نووسرابێت.

هەروەها دەشتوانیت بەرنامەی یارمەتیدەری ئینتەرنێت (Internet Assistant) بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەناو ئینتەرنێتدا بابەتەکەت بنووسیتەوە. کە ئەمەیانت بەکارهێنا کارەکەت ئاسانتر دەبێتەوەو لە هەندێ گرفت ڕزگار دەبیت. جگە لە بەرنامەی یارمەتیدەر بەرنامەی (Black Bird– -مەلی ڕەش) یش هەیە، کە توانای کردارەکانی نووسین، کلێشەسازی، دابەشکردنو بینینیش دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەر.

**١،١،٢،١٠** خەڵکانی خاوەن کارو بزنس دەتوانن سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن. ئێستا زۆر نوسینگەی پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری هەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو سەرمایەگوزارییانە دانراون، کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش دەکەن. ئێستا خەڵکانی خاوەن کار دەتوانن سەیری نرخەکانی ناو بازاڕەکان بکەنو زانیاریی نوێ لەبارەی دامەزراوە پیشەسازیو بازرگانییەکانەوە وەربگرن، ئاڵوگۆڕی بازرگانییانە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە زۆر چووەتە پێشەوە. زانایان سەرقاڵی ئەوەن گیروگرفتەکانی ئەمنیەتی بازرگانیکردنی ناو ئینتەرنێت چارەسەر بکەن.

ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر زۆری فرۆشیارانو بریکاران هەن، کەپەیوەستن بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کڕیاری ئەمرۆ دەتوانێت هەر شتێکی ویست لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بیکڕێت، هەر لە ئۆتۆمبیلەوە تا کۆمپیوتەرو سەعاتو هەر شتێکی تر. ڕێکخستنی ئەم کارانە لەڕێگەی (داخوازیی بەریدی– mail order)ەوە دەبێت. لە ئەوروپاو ئەمریکادا سیستمی دارایی زۆریان پەرەپێداوە بۆ گونجاندنو ئاسانکردنی مامەڵەی ئینتەرنێت. مامەڵەکردنەکە بەوشێوەیە دەبێت، کە کڕیارەکە کۆدی تایبەتیی خۆی (Netcashcode) دەنێرێت بۆ ئەو بانکەی، کە حسابەکەی خۆیی تێدا داناوە، بانکەکەش لەڕێگەی خۆیەوە ڕەمزێك بەڕێگای تایبەتیی خۆی دەنێرێت بۆ کۆمپانیا فرۆشیارەکەو کاڵاکە دەکڕدرێت. ئەگەر بەرنامەی (نێتسکەیپ)ت هەبێت دەتوانیت ئەوشتانە بەباشی ببینیت، کە بۆ فرۆشتن دانراون.

ئەڵبەت، چۆن کڕین لە ئینتەرنێتەوە ئاسانە، فرۆشتنیش هەر ئاسانە، فرۆشیار دەتوانێت لە ماڵەکەی خۆیەوە سەردانی سەدان ماڵپەڕی ئەو فرۆشگایانەش بکات، کەشت دەکرێن. ئامارەکان باس لەوە دەکەن، کە(٧٢٪) ی خەڵکانی خاوەن کار ئینتەرنێت بۆ جوانکردنی سیمای کۆمپانیاکانی خۆیانو (٧٤٪) یان بۆ دابەشکردنی نرخی فرۆشتنو زانیاری لەسەر کاڵاکانیان بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوانەی تەنها مەبەستیان فرۆشتنە ڕێژەکەیان دەگاتە(٢٤٪)و ئەمەش پێماندەڵێت، کەهێشتا فرۆشتنی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی سنورداردایە. بەومانایەی کە جارێ ئینتەرنێت هەر کایەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریو خزمەتکردنە بە توێژەران.

**٣،١،١ ئاسایشی زانیاریی ئینتەرنێت:**

خاڵێکی لاوازو نێگەتیف هەیە لە پەیوەندیکردنی تاکەکەسو تۆڕە خۆجێییەکاندا بە ئینتەرنێتەوە. ئەو لاوازییەش بریتییە لەوەی، کە کەسانی تریش دەتوانن ناو ئەو فایلو دۆسیانەوەو داتاو زانیارییەکان ببەن، یان خراپ بەکاریانبهێنن. بەڵام بۆ ڕێگەگرتن لەم دەستدرێژییە چەند سیستمێکی ئەمنی هەن، دەتوانرێ سوودیان لێ ببیندرێت، ئەمانەی خوارەوە هەندێکی ئەو سیستمانەن.

**٣،١،١،١ بەربەستی پاراستن(فایەر وۆڵ):**

مانای کوردیی وشەی فایەر وۆڵ بریتییە لە (دیواری ئاگر) فایەر–وۆڵ لە ئامرازێك پێکدێت، کە دەبەسترێتەوە بە ئینتەرنێتەوە. واتە تەواوی فایلو دۆسیەکان لە کۆمپیوتەرەکەوە بۆ ئینتەرنێتو بەپێچەوانەشەوە هەر دەبێ بەناو ئەو سیستمی پاراستنەدا تێپەڕ ببن. کەواتە ئەم سیستمە دەتوانێت سنور بۆئاستی هاتنو چوونەکان دابنێت.

**٣،١،١،٢ ڕاژەگوزاری چونە ناو ئینتەرنێت:**

ئەمەش تەکنیکێکە ڕێگەدەدات، تەنها بە یەك ئاراستە تۆڕەناوخۆییەکان پەیوەندی بکەن بە ئینتەرنێتەوە. بواریش نادات هیچ فایلێك بەئاراستەی پێچەوانەدا بڕوات. دامەزراوەکان لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوەیە، کە دەتوانن کۆنترۆڵی پەیوەندیکردنی کەسەکانی ناو تۆڕەکانی خۆیان بە ئینتەرنێتەوە بکەن، واتە دەتوانێت خۆی بڕیار لەوەبدات، کە هاوبەشەکانی خۆی چ ماڵپەڕێك ببینن و چی نەبینن.

**٣،١،١،٣** پرۆتۆکۆلەکانی بواری ئاسایشی ئینتەرنێت

مەسەلەی ئاسایش و ئەمنیەت، یەکەیەکی گرنگترینی ئەو لەمپەرانەیە، کە ڕێگە لە بڵاوەکردنی ئینتەرنێت دەگرێت. ترسان لە ڕازدزینو شێواندنو دزینی ناسنامەی خەڵكو حسابە داراییەکانیان وای کردوە خەڵك سڵ لەوەبکاتەوە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بازرگانی بکات. هەندێکی ئەم ترسانەش بێبنەما نیین.

ڕۆژنامەی (ئالمۆندۆ)ی ئیتالی وتارێکی لەبارەی ئاشکرابوونی تۆڕێکی ڕازدزیی تایبەتمەند بە بواری ئیستیخباراتیی ئینتەرنێت بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت ئەو تۆڕە لەلایەن ئەمریکاو بریتانیاو کەنەداو ئوستralیاو نیوزیلەندەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کاریان ئەوەیە گوێ لە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرن، کە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە ئەنجام دەدرێن. سوود لە کۆمەڵێك مانگی دەستکرد دەبیینن، کە لە ساڵی (١٩٧٠)وە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە چەند خولگەیەکی دەوری زەویدا دایناون. داتاو زانیاریی وایان تێدا دانراوە، کە دەتوانن لەماوەی یەك خولەکدا زانیارییەکانی ناو دوو ملیۆن تەلەفۆنو نامەی ئەلیکترۆنی شیبکەنەوە.

ئەوروپا هەستدەکات، کە هەرچی پەیوەندیی تەلەفۆنیو فاکسیو ئیمەیلەکانی هەیە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو چاودێری بکرێتو هەر زانیارییەکی بە کەڵکی تێدابێت لەلایەن ناوەندی ستراتیژیی بریتانییەوە(مان وز هێڵ) کۆدەکرێتەوە دەشدرێت بە هاوکارەکانی خۆی لەم بوارەدا. بەڵام سەربارى ئەوەش ئەوروپا ناتوانێت دەست لە سوودەکانی ئەو پەیوەندییانەی خۆی هەڵبگرێت. بۆیە چارەسەری ئەم گرفتە لەوەدانییە تۆ واز لە پەیوەندییەکانت بهێنیت، بەڵکو لەوەدایە، کە بتوانیت ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی ئەمنیەتی نامە تەلەفۆنو پەیوەندییەکانی خۆت بگریتەبەر. وەك دانانی ووشەی نهێنیی تێپەڕبوون، هەروەها پرۆتۆکۆلی (TCP/IP) ش هەیە کە دەتوانرێت متمانەی پاراستنی تەلەفۆنو نامە نێردراوەکانی پێ بکرێت.

بۆ پاراستنی ئەمنیەتی مامەڵە داراییو بازرگانییەکانیش سیستمی (تەکنەلۆژیای گوێزەرەوە متمانەپێکراوەکان_ Secure Transaction Technology-STT) هەیە، کە پشت بە دانانی ئیمزای دیجیتاڵی دەبەستێت، واتە لەپاڵ مامەڵەپێکردنی هەر کارتێکی متمانەو دڵنیاییەوە ئیمزایەکی ئەلیکترۆنیی خاوەنەکەی هەبێت، کە پێی بناسرێتەوە، کە واباشە ئەو ئیمزایە چەند کۆدێکی ئەلیکترۆنیی درێژ بێت.

**٤،١،١ پەخشی ئەلیکترۆنی:**

پەخشی ئەلیکترۆنیو سەلماندنی دروستیو ڕاستیی کۆپیی بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان یەکێکە لە نوێترین سیماکانی ئەو پێشکەوتنەی کە بە هۆی کاری کۆمپیوتەرەوە هاتونەتە ئاراوە. دامەزراوە گەورەکانی ناو وڵاتە پێشکەووتوەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کتێبو نامیلکە وگۆڤارو ڕۆژنامەو پاشانیش دابەشکردنی ئەم چاپکراوانە بەسەر سوودمەندانندا توانای زۆری کار و دارایی دەوێ. بەڵام ئەگەر بێتو ئەو بڵاوکراونە بە چاپکراوی لەسەرئینتەرنێت دابندرێن، یان بخرێنە سەر سی دیو ئاوا بگەیەندرێن بە سوودمەندان، ئەو کاتە تێچوونەکان کەم دەبنەوە.

**سوودەکانی ئەم شێوازی پەخشە:**

١.کەمکردنەوەی تێچونەکانی چاپکردن.
٢.خێرایی داخڵکردنی کۆپیەکان بۆ ناو کۆمپیوتەر،



ئەرشیفێك
بۆ سەرچاوەو زانیارییەکان

بۆ ئاسانکردنی گەیشتنی بە دەستی کەسی سوودمەند.
٣.خێرایی ناردن.
٤.توانای گەڕان لەناو تێکستە ئەلیکترۆنییەکاندا خێراترو ئاسانترە.
٥.نوێکردنەوەو گۆڕینی داتاکانی ناو تێکستە ئەلیکترۆنییەکان ئاسانترە.

**٥،١،١** پەخشی ئەلیکترۆنی بە بەکارهێنانی سی دی:

ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەکانی بواری پەخشی ئەلیکترۆنی پشت بە بەکارهێنانی سی دی دەبەستن. ئێستا دەتوانرێ لەناو ئەم سیدییانەدا ژمارەیەکی زۆری داتاو زانیاری بپارێزرێت. لە هەر کاتێکیشدا، کە بەکارهێنەر ویستی سوود لەو داتایانە وەربگرێت هێندەی بەسە، کە سیدییەکە دەخاتە ناو ژووری سی دیی هەر کۆمپیوتەرێکەوە ئیتر داتاکان دێنەوە بەردەستی. بەشێوەی گونجاو سوودیان لێ دەبینێتو کاتی کەمیشی دەوێت. لە هەر سی دییەکی ئاساییدا جێگای شەش سەد مێگابایت دەبێتەوە، واتە یەك سی دی دەتوانێت دوو سەد هەزار لاپەڕەی چاپکراو بەئاسانی جێگابکاتەوە.

لەسەر ڕووی هەر سی دییەك پێنج بلیۆن کوونی ورد هەیە، بەشێوەیەکی لوولەکی ریزکراون، ئەگەر ئەو کونانە لەسەر یەك ریز بدرێنە پاڵ یەکتری درێژییەکەیان دەگاتە (٥٦٠٠) مەتر. ئەم سیدییانە ئەمرۆ بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ، کتێب، ئینسایکلۆپیدیا، ئەرشیف، ڕێبەری تەلەفۆنو شتی تر بەکاردەهێنرین، نرخەکەشیان زۆر هەرزانە، ئێستا شێوەی پێشکەوتووی سی دی کەوتۆتە بازاڕەوە، کە لە دەچین پێکدێتو توانای جێکردنەوەی نزیکەی(٦،٥) گێگای هەیە، واتە دوو ملیۆن لاپەڕەی (A4) ی چاپکراو جێگە دەکاتەوە.

**٦،١،١** مامەڵەی کتێبخانە نوێیەکان لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی بواری ئینتەرنێتو پەخشی ئەلیکترۆنیدا:

ناکرێ ئەو هەموو پێشکەوتنەی بواری زانستی نوێ کتێبخانەکانیش نەگرنەوە، بەڵکو بە هەموویان نوقڵانەی پەرەسەندنێکی گرنگیان بۆ کتێبخانەکان پێیە، کاریگەریی ئەم پێشکەوتنانەی ئەمرۆ هێندەی کاریگەرییەکانی داهێنانی چاپ گرنگن. ئێمە ئەمرۆ لەبەردەم شۆڕشێکی گرنگی زانیاری و پەیوەندیداین، ئەوەی ئەم شۆڕشە لەناو زانیاریدا ئەنجامیداوە، مەگەر هەر بە (تەقینەوە) ناوی ببەین. بەڵام لە ئێستاشدا ناتوانین بە تەواوی بڵێین داخۆ ئاستی کاریگەریی ئەم شتانە لەسەر کتێبخانەکان چەندە، چونکە کاریگەرییەکان هێشتا بە هەڵچونەوە بەردەوامن، دانەمرکاونەتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین گرنگترینی ئەو کاریگەرییانە ئەمانەن:

أ.کتێبخانە بازرگانییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ئێستا بەشیان بۆ فرۆشتنی سی دی کردۆتەوە، کۆمپیوتەریان هەیەو سی دییەکانو کتێبەکانی ناویانیان بە بەرنامەی تایبەت ڕێکخستوەو ئەوکارەیان بۆ کڕیار زۆر ئاسان کردووە، کام کتێب، فەرهەنگ، گۆڤارەی ویست بە سی دی وەرییگرێت.

ب.کتێبخانە گشتییەکان بەشی تایبەت بە سی دییان کردۆتەوە، خوێنەر دەتوانێت سەیری بابەتەکانیان بکاتو ئەو سی دییە هەڵبژێرێت، کە خزمەت بە کارەکەی دەکات. هەروەها دەشتوانێت ڕاستەوخۆ لە کۆمپیوتەری سەیرکردنەکەوە بابەتەکەی خۆی چاپ بکاتە سەر کاغەز.

ج. کتێبخانە گشتییەکان خۆشیان دەتوانن بە کۆمپیوتەر سەیری ناو ناونیشانی کتێبەکانیان بکەنو ئەو ناونیشانە بە ئاسانی بدۆزنەوە، کە کتێبخوازەکە دەیەوێ.

د.لەم جیهانەی ئەمرۆدا هەر پێنج ساڵ جارێكو خەڵکانێکیش دەڵێن هەر دووساڵ جارێك قەبارەی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان دەبنە دووهێندە، بۆیە ئەگەر سیستمێکی داتابەیس(بنەمای زانیاری)ت نەبێت ئەستەمە بتوانیت لە هەموو زانیارییەکان ئاگادار بیت.

هـ.لەبریی چاپکردنی هەفتەنامەو مانگنامە کتێبخانە نوێیەکان دەتوانن پەخشنامەکانیان لەسەر ماڵپەڕی خۆیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاوبکەنەوە. خوێنەریش دەتوانێت لە ماڵی خۆیەوە پەخشنامەی کتێبخانەکە بخوێنێتەوە.

و.کتێبخانەی نوێ دەتوانێت ئەرشیفی وێنەیی ئەلیکترۆنیی خۆی دروست بکات، واتە وێنەی وتارە گرنگەکانی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکان بگرێتەوەو بە ئەلیکترۆنی بیانپارێزێت.

ز. هەر دەبێ کتێبخانەی نوێ مامەڵە لەگەڵ کتێبە دیجیتاڵییە ئەلیکترۆنییەکاندا بکاتو باشترین سوودیان لێ وەربگرێت، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەو وشە و زاراوەیەی خۆی مەبەستیەتی لەناو هەر کتێبێکدا بێت بیدۆزێتەوە.

ح.نرخی هەندێکی چاپکراوەکان زۆر بەرزبۆتەوەو لە هەندێ شوێندا گەیشتۆتە لەسەدا چەند سەد، بەمەش توانای کڕینی خوێنەران کەمتر دەبێتەوە، ڕەنگە تەنها کتێبخانەیەکی گشتی بتوانێت ئەو سەرچاوە گرانانە بکڕێت، بۆیە لەم ڕووەشەوە پشت بەستن بە پەخشی ئەلیکترۆنی زۆر گرنگە.

**٦،١،١،١** پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی بێ کاغەز ئامانجێکی زۆر دووره دەستە، چونکە هێشتا ڕێژەی بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان لەچاو ئەوانەدا، کە لەسەر کاغەزن ناگات بە (١٠٪). لەبەرئەوە با وابیرنەکەینەوە، کە ئیتر کتێبخانەکان دەتوانن واز لەوە بهێنن، کتێب و کاغەزە زەردبووەکانیان دەربهێنن بۆئەوەی خوێنەر بیانبینێت. هێشتا ئەم جۆرە زانیارییە دێرینانە ئەرکو کاری زۆریان ماوە ئەنجامی بدەنو ژمارەیەکی کەمی خوێنەرانی خۆشمان دەتوانن سوود لە کۆمپیوتەر ببینن. بۆیە جارێ خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان هەر کەرەستەو ئامرازی یارمەتیدەرنو نەبوون بە سەرچاوەی سەرەکیی.

**تێبینی:** ئەم وتارە زیاد لە بیست سەرچاوەی بۆ نووسراوە، کە وا دەزانم نووسینەوەیان لێرەدا جێگەکە زۆر بچوك دەکاتەوە، کەسێك مەبەستی بێت، دەتوانێت سەرچاوەکان لەسەر ئەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە ببینێت، کە وتارەکەی لێ وەرگیراوە:
www.dahsha.com

# زانستی پێڕست و دۆکۆمێنتاری

## "بەشی حەوتەم"

د. شاکر السعید
و. یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

کۆڕاییەك لەسەر ئەوە هەیە کە ناوی نووسەر نابێ بڕوانامەی زانستیو نازناوی شەرەفو نازناوی دیکەو پلەی وەزیفیی بچێتە سەر، مەگەر لەوکاتانەدا کە لەبەشی ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی، وەك نازناوەکانی پیاوماقوڵانی بەریتانیادا، دێن.[1]

نموونە:

(الفهرسة الموضوعية تأليف الدكتور محمد فتحى عبدالهادى).

عبدالهادى، محمد فتحى.

الفهرسة الموضوعية/ تأليف محمد فتحى عبدالهادى.

یان: (التصنيف تأليف الأستاذ محمود الأخرس)

الأخرس، محمود:.

التصنيف/ تأليف محمود الأخرس.

ئەگەر دەستەواژەیەکی دیاریکەر هاتبوو بۆ نیشاندانی ناوی ئەو کەسەی کتێبەکەی داناوە، بەڵام نەتوانرا کەسایەتی نووسەر بەباشی بناسێنرێت، ئەوا دەروازەی کارتەکە وایلێدێت:

(٢ نوفمبر اسطورة حب قصة لمؤلف "أمل ضائع".

مؤلف أمل ضائع.

٢نوفمبر: اسطورة حب/ قصة لمؤلف امل ضائع...تاد.

بەڵام ئەگەر ناوی نووسەر لە لاپەڕەی ناونیشان، یان لەناوەوە، یاخود لە هیچ سەرچاوەیەکی تری وەك ڕێبەری بڵاوکەرەکاندا نەهاتبوو، ئەوا سەرچاوەکە بە ناونیشان دیاری دەکرێتو دانان، یان نووسەر لە بەشی تێبینی دا دیاری دەکرێت.

نموونە:

التطورات الحديثة فى ميكانيكا السيارات: صيانة، اصلاح، تشغيل.

بيروت: دار التراث، ١٩٧٧.

أ–ذ، ٣٠٦ص: مصور؛ ٢٤سم.

مجهول التأليف

### ئەو کارانەی لەنووسینیاندا بەرپرسیاریی هاوبەش هەیە

ئەوانەن کە دوو کەس یان زیاتر بەشدارن لە دانانیاندا:

●ئەوانەی بەرپرسیاریی هاوبەشی دوو نووسەریان تێدایە:

ئەو کارانە، دەبێ لەژێر ناوی دانەر، یان نووسەری بەرپرسیاری یەکەمدا بێ (ئیتر کەسێك بێت یان گروپێك)، لەحاڵەتی بەرپرسیاریی هاوبەشدا چەند شتێك ڕەچاو دەکرێن، لەوانە:

گەر سەرچاوە ناوی نووسەری بنەڕەتی لەنێوان دوو نووسەرەکەدا دیاری کردبوو، دەبێ دەروازەی سەرەکیی بەناوی ئەو نووسەرەوە بێت، بەچاوپۆشیی لەو ڕیزبەندییەی کە لەلاپەڕەی ناونیشاندا ناوەکەی تیادا دیاری دەکرێت.

نموونە:

(علم النفس تأليف ممدوح مصباح وسيدخيرالله)

تێبینییەك لە لاپەڕەی ناونیشاندا هەیەو دەڵێت (ڕۆڵی سەرەکیی بۆ سیدخیرالله)یە،

چارەسەر:

خيرالله، سيد

علم النفس/ تأليف ممدوح مصباح وسيدخيرالله

ئەگەر تێبینی نەبوو بۆ نووسەری بنەڕەتی، یان بەرپرسیاری یەکەم، ئەوا کارەکە بەناوی نووسەری ناوبراوی یەکەم دەبێ لەسەر لاپەڕەی ناونیشان، لەگەڵ درووستکردنی کارتێکی زیاد بۆ نووسەری بەشدار:

وەکو:

الحرستانى، عصام.
عالم المرأة، أو، هموم المرأة المعاصرة/ عصام الحرستانى، محمد الحسناوى.ـ عمان: دار عمار، ١٩٨٧.
٢١٣ص؛ ٢٤سم.
١. مرأة. ا. الحسناوى، محمد، مؤلف مشارك.[2]
ب. العنوان.
ج. العنوان: هموم المرأة المعاصرة.

دەبێ ناوی نووسەری یەکەم لەگەڵ دووەم جیابکرێتەوە، مەگەر پیتی (و) لەنێوانیاندا لەسەر لاپەڕەی ناونیشان هەبێت، لەوکاتەدا لەبری (،)ی جیاکردنەوە پیتی (و)ەکە دەنووسرێتەوە.

نموونە:

الهجرسي، سعد محمد.

المكتبات فى العالم العربى/ سعد محمد الهجرسي، مدحت كاظم

المكتبات فى العالم العربى/ سعد الهجرسي و مدحت كاظم

لەکاتێکدا ناوی نووسەری کتێبەکەو وەرگێڕ، یان ئامادەکار، یاخود توێژەر.. تاد، هەبن، ئەوا دەروازەی سەرەکی بەناوی نووسەرەوە دەکرێو کارتێکی زیاد بەناوی ئەوانی ترەوە دروست دەکرێت، بۆ جیاکردنەوەی ناوی نووسەر لەوانی تر هێمای (؛) دادەنرێت.

نموونە:

–بذيك، جين.

الأصلاحات المنزلية/ تأليف جين بنذيك؛ ترجمة مصطفى بدران.

### ئەو کارانەی سێ نووسەر بەشدارن تیایاندا

هەر کارێك سێ کەس بەشداربوون لە نووسیندا، دەروازەی سەرەکیی بە ناوی نووسەری یەکەمیانەوەدەکرێتو کارتی زیادەش بۆ هەردوو نووسەرەکەی تر دەکرێت، بەڵام دەبێ کۆما لەنێوان نووسەری یەکەمو دووەمدا دابنرێت، هەروەها لەنێوانی نووسەری دووەمو سێیەمدا، مەگەر پیتی (و) لەسەر بەرگەکە لەنێوان ناوی نووسەرەکاندا دانرابوو، لەوکاتەدا کۆماکە دەگۆڕێ بە (و) لە عەرەبیداو (and) لەزمانی ئینگلیزیدا.

نموونە:

قريصة، صبحي تادرس
مقدمة فى علم الأقتصاد/ صبحي تادرس قريصة، عبدالرحمن يسري احمد، نعمة الله نجيب ابراهيم.ـــ
الأسكندرية: دار الجامعات المصرية، ١٩٧٣.
٥٢٨ص؛ ٢٦سم
١.اقتصاد.أ.احمد، عبدالرحمن يسري، مؤلف مشارك.
ب. ابراهيم، نعمة الله نجيب، مؤلف مشارك. ج.العنوان.

### ئەو کارانەی کەلەسێ نووسەر زیاتریان هەیە

لەو کارانەدا، دەروازە بە ناونیشان دەسپێدەکات، دواتر ناوی هاتووی یەکەم نووسەر (وەك سەرچاوەکە) دادەنرێو بەدوایدا سێ خاڵ دادەنرێ (...) کە مەبەستی لابردن دەگەیەنێت، ئینجا وشەی [وکەسانی تر] لەنێوان ئەو دوو کەوانەیەدا دەنووسرێ، کارتی زیادیش بەتەنیا بۆ ئەو نووسەرە دەکرێت، بەم شێوەیە:

الموارد. الإقتصادية/ تأليف محمد صفي الدين... [وآخرون].ـــ

القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٣.

٥٢٠ص: ايض؛ ٢٥سم.

١.اقتصاد. أ. صفي الدين، محمد... [وآخرون].[3]

لە کاتێکدا گەر ئامادەکەر ، یان وەرگێڕ، یاخود توێژەر هەبوو لەگەڵ ئەو ناوانەدا کە زیاتر لە سێ نووسەرەوە ئەنجامدەدرێت، ناوی ئەوان لە زانیاریی بەرپرسیارییدا دەردەخرێن، دوای ناوبردنی نووسەری یەکەمو... [وکەسانی تر]و نێوانیشیان بەو کۆمایە دیاری دەکرێت کە خاڵی لەژێردایە (؛)، بەم شێوەیە:

مقدمة في علم الإقتصاد/ تأليف أحمد إبراهيم خليل... [وآخرون]؛ تحرير على السيد..زياد.

### کارە بەشدارەکانی نووسین

#### *بەرهەمی هەڵبژاردە یان کۆکراوە:

*ئەگەر هەڵبژاردەکە بەرهەمی یەك نووسەر بێتو کەسێکی تر هەڵبژاردنەکەی ئەنجام دابێتو لە لاپەڕەی ناونیشاندا وەك (کۆکەرەوە) ناوی هاتبێت، ئەوا لە دەروازەی سەرەکیی بەناوی نووسەرە سەرەکییەکەوە دەبێت، لەگەڵ دروستکردنی دەروازەیەکی زیاد بۆ کۆکەرەوە.

وەکو:

مختارات من شعر المتنبي جمع أحمد خليل.

المتنبي، أبوالطيب أحمد بن الحسين.

مختارات من شعر المتنبي/ جمع أحمد خليل.ـ

*ئەگەر هەڵبژاردەکان بۆ بەرهەمی کۆمەڵە نووسەرێك بوو (چوار یان زیاتر) لەگەڵ بوونی ناوی کۆکەرەوە لەسەر لاپەڕەی ناونیشان، ئەوا کارەکە بەناوی کۆکەرەوە دەبێت، وەکو:

مختارات من الشعر الجاهلي جمعهاو حققها إبراهيم الخالدي.

*گەر ناوی کۆکەرەوە لەسەر لاپەڕەی ناونیشان نەبووو بەرپرسیاریی کارەکەش بۆ کەسێکی دیاریکراوبوو، ئەوا داخڵکردن بەناونیشانەکە دەبێ.

*سەبارەت کارە وەرگێڕدراوەکان، ئەوا بە ناوی نووسەری بنەڕەتی (ئەسڵییەوە) دەبێت، لەگەڵ درووستکردنی دەروازەیەکی زیاد بەناوی وەرگێڕەوە.

نموونە:

الإرشاد الزراعي/ تأليف ديفيد كيلى ترجمة حسين القاسم.

كيلى، ديفيد.

الإرشاد الزراعي/ تأليف ديفيد كيلى؛ ترجمة حسين القاسم.ـــ ...تاد.

ئەگەر ناوی نووسەری سەرەکیش لەناونیشانی کارە وەرگێڕراوەکەدا نەبوو، ئەوا دەروازەی سەرەکیی بە ناونیشان دەبێت، لەگەڵ دەروازەیەکی تر بۆ وەرگێڕ.

نموونە:

دع القلق و ابدأ الحياة/ تعريب عبدالمنعم الزيادي.ـــ ...تاد.

ئەوەی بەسەر کارە وەرگێڕاوەکاندا دەچەسپێ، هاوکات بۆ کاری توێژینەوەو ڕاڤەکراوو پێداچوونەوەکانیش هەروایە.

### کاری سەرۆك دەوڵەتو کاربەدەستە گەورەکانو پاپاکان

*گەر کارەکان تایبەت بوو، ئەوا ڕاستەوخۆ بەناوی ئەو کەسەوە دەکرێ، بۆ تێکەڵ نەبوونیش ئەوا سیفەتی کەسەکە دیاری دەکرێت، وەکو:

(البحث عن الذات لأنور السادات)

أنور السادات، رئيس مصر

البحث عن الذات/ أنور السادات.ـــ

بۆ کارەکانی سەرەك وەزیرانو پەرلەمانتارانو ..تاد، هەر بەو شێوەیە دەبێت.

*بەڵام گەر کارەکان لەلایەن سەرۆکەکانو ئەوانی تر کە خاوەنی سیفەتی گشتین، یان سیفەتی ڕەسمین دانرابوون، ئەوا دەروازەکەی بەناوی وڵاتەکەوە دەبێت، بەم شێوەیە:

الأردن. ملك (١٩٥٢_ : الحسين بن طلال)

خطب العرش، ١٩٢٩–١٩٧٢/جمعها وقدم لها هاني خير.ـ

عمان: دائرة المطبوعات والنشر، ١٩٧٤.

(کارتێکی زیادیش بۆ هانی خیر دروستدەکرێت)

### دەروازە بە ناوی گروپەوە

گروپ، یان دەستە، ڕێکخراوێکە یان کۆمەڵە کەسانێکن ناسراونو بە ناوێکی دیاریکراوەوە وەك یەکەیەك کاردەکەن، وەکو دەستەی دامەزراوەو کۆمپانیاو دامەزراوی دەوڵەتیو پڕۆژەکانو بەرنامەو گروپی ئایینیو کۆنگرەکان.

هەروەها گروپی لاوەکی تر هەیە وەك گروپی کتێبخانەی کۆلیژێك، یان تاقیگەیەکی زانکۆیی، هەرچۆن ڕووداوو بۆنەی مەبەستداری وەك فێستیڤاڵ، پێشبرکێی وەرزشیو گەشتو پێشانگاو بازاڕەکانیش، دەستەوگروپی خۆیان هەیە.

ئەو کارانەی لەلایەن گروپێکەوە یان زیاتر ئەنجام دراون، ئەوا دەروازەی گونجاو بۆ دەستەکە دەکرێت، ئەگەر لە چوارچێوەی یەکێك لەم جۆرانەدا بێت:

–کاری خاوەن سروشتی کارگێڕیی، کە گوزارشت لە گروپێك، یان سیاسەتی، یان پرۆسە ناوخۆییەکانیو داراییو بەڕێوەبەرانیو کارمەندانیو سەرچاوەکانی (وەك پێڕست)و کەرەستەکانی... دەکات، ڕاپۆرتەفەرمییەکانو بەڵگەنامەکانیش دەچنە نێو ئەم جۆرەوە.

نموونە:

فهرست المخطوطات: نشرة بالمخطوطات التي اقتنتها الدار

بين ١٩٣٩ حتى ١٩٥٥/ اعداد فؤاد الشيخ.ـــ القاهرة:١٩٥٧.

–کارە یاساییو حکومەتیو ئایینییەکانی وەك: یاساکان، بۆنەکان، ڕێکخراوە کارگێڕییەکان، ڕێککەوتننامەکان، بڕیاری دادگا، کۆبوونەوەکانی لیژنە تەشریعییەکان.

نموونە:

الأردن.

[قانون الشركات].

قانون الشركات الأردني– عمان...الخ.

–ئەوانەی هزری بەکۆمەڵ تۆمار دەکەن، وەك گروپێك، بۆ نموونە ڕاپۆرتی تیمو لیژنەکانو بەیاننامەی فەرمی سەبارەت هەڵوێستێکی دیاریکراو.

–بابەتی نەخشە کەلەلایەن دەستەیەکەوە بەرهەمهێنرابێت..وەکو:

الأردن. دائرة الأراضيى والمساحة.

فهرس القرى/ رسم و تصميم دائرة الأراضي و المساحة.ـــ عمان: الدائرة، ١٩٧٠.

### نووسەرو نووسەری سەر بەدەستەیەك

لەکاتێکدا خودی نووسەرێكو دەستەیەك بەشداربوون لە کارێکی دیاریکراودا، ئەوا دەروازەی سەرەکیی یەکەمجار بەناوی نووسەرکەوە دەبێت:

نموونە:

هاي، ينجل.
مشكلة الغذاء العالمي: كيف نطعم البلايين الجائعين/تأليف ينجل هاي، هيئة تحرير اتحاد الكتاب العلمية؛ ترجمة فتحي محمد عبدالوهاب.ـــ
القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٥.
١٩٢ ص: مص؛ ٢٤سم.ـــ (اليوم و الغد؛ ١).
١. الغذاء. أ. هيئة تحرير الكتب العلمية. ب–عبدالتواب، فتحي محمد، مترجم. ج. العنوان. د. السلسلة.

### نموونە بۆ دەروازەی گروپو دەستەکان

–الأتحاد العام لنساء العراق.

مسيرة الأتحاد العام لنساء العراق.ـــ بغداد، ١٩٨٠.

–جامعة دمشق، المكتبة.

فهرس الكتب العربية الموجودة في مكتبة جامعة دمشق.ـــ

دمشق: الجامعة، ١٩٧٩.

### دەروازە بە ناونیشان

لەم حاڵەتانەدا دەبێت:

یەکەم: گەر نووسەر ناسراو نەبێت، کارەکەش بەرهەمی دەستەیەك نەبێت، یان گەر زیاد لە سێ نووسەری هەبێت..

نموونە:

–الإدارة المدرسية والإشراف الفنى/ تأليف محمد سليمان شعلان...

[واخرون] .ـــ القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٦٩.

دووەم: گەر کارەکە هی گروپێك بوو، یان لەژێر چاودێریی ئەواندا بوو:

–المدخل الى علم المكتبات و المعلومات/ اعداد مجموعة من المكتبيين؛ تحرير أنور عكروش و صدقي دحبور.ـ عمان: جمعية المكتبات الأردنية، ١٩٨٢ .

پەراوێز:

١–د.ربحي مصطفى عليان: اساسيات الفهرسة، ١٩٩٢، ص ٥١–٥٢.

٢– هەندێك لە پێڕستکاران وشەی نووسەری بەشدار لەنێوان دوو کەوانەدا بەم شێوەیە دادەنێن: (نووسەری بەشدار)، بەهەمان شێوە وشەکانی ( نووسەر)، (ئامادەکار)، (کۆکەرەوە)و...تاد.

٣–کارتی زیاد بۆ ناونیشان ناکرێت، چونکە کارتی سەرەکیی دراوەتە ناونیشان.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 11 – 13/8/2010


## تەمموز.. مانگێکی پڕ لەخوێنەر

بەپێی راپۆرتی بەرپرسی ئامار لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، لە مانگی تەمموزی رابردوودا کۆی ١٦٧٠ هامشۆکەر لەرەگەزی نێرو ١١٤٥ لە رەگەزی مێ سەردانی کتێبخانەیان کردوەو بەپێی هەردوو سیستمی خواستنی ناوخۆییو دەرەکیی سوودمەندبوون لە سەرچاوەکانی کتێبخانەو بەزمانی جیاواز.

هامشۆکەران بێجگە لەم سەرچاوانە، سوودمەندبوون لە خولاوەکان(گۆڤارو رۆژنامە)، هەروەها لەسەرچاوەکانی بەشی منداڵانو کتێبخانە شەخسییەکان.

## سیڤییەکان.. رازی چەندین نووسەری گەورە

**ئاسۆی کتێبخانە**

مامۆستا شێرزاد هەینی ناوێکی دیارو نووسەرێکی فرە بەرهەمە، بەردەوام چاپکراوی نوێ، لە نووسینو وەرگێڕانەکانی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردیو خوێنەرانی کورد زمان لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەبن، دەکات.

یەکێك لەچاپکراوە نوێیەکانی، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسیو چاپو بڵاوکردنەوە لە هەولێر بەچاپی گەیاندوە بریتییە لە(سیڤییەکان) کە ناساندنو رازو دیداری چەندین نووسەری عەرەبو بێگانەیە.

نووسەر لەپەیڤی پێشەکیدا وتویەتی"ئەو سیڤییانە بەشێکن لەو بابەتانەی لەو دە ساڵەی رابردوو سازمکردوون، خەوو خەمو جوانیو ئازاییەکانو داهێنانەکانی ناو سیڤییەکانم کردە ملوانکەیەك بۆ گەردنو دەستی خوێنەران".

ئەو ناوە درەوشاوانەی بوونەتە ریزبەندیی بابەتەکانی(سیڤییەکان) بریتین لە "نزار قەبانی، عیزەت سرایلیچ، ئەلفریدە یەلینیك، محەمەد شوکری، تەها حسێن، نەجیب مەحفوز، حەننا مینە، مەحمود دەروێش، ئەحلام مستەغانمی، عەزیز نەسین، کوستەنتین سیمۆنۆفو ئەجاسا کریستی".

شایانی باسە(هەینی) کە لەدایکبووی هەولێرە، کاتی خۆی کە لەشارەوانی بووە، لە ١٩٨٥دا کتێبی(هەولێر)ی لەچاپداوەو ساڵی ١٩٩٤یش دوانزە ژمارەی رۆژنامەی هەولێری دەرکردوە، دوای نیشتەجێبوونیشی لەوڵاتی سوید چەندین کتێبی دەگمەنو بەنرخی لەبواری جۆراوجۆری ئەفراندندا نووسیوەو وەرگێڕاوەو ئێستاش چەند کتێبێکی نوێی ئامادەی چاپن.. هەمیشە خەرمانی کاك شێرزاد هەر بەبەرەکەت بێ.







شێرزاد هەینی

## سۆفیا لۆرین ماڵەکەی پڕە لە ئاوێنە

**و. قوباد**



لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا، ئاهەنگێك بۆ ئیمزاکردنی کتێبەکەی سۆفیا لۆرین (ماڵەکەمان پڕیەتی لە ئاوێنە) سازکرا، کە تەرخانە بۆ گێڕانەوەی یاداشتەکانی ئەو ئەستێرە درەوشەدارەی سینەماو تیایدا بەسەرهاتی پەنجا ساڵ لەکارکردنی خراوەتە بەرچاو، لەگەڵ زیاد لە پەنجا وێنەی دەگمەنی.

هاوکات لەو بۆنەیەدا، کە بەیادی تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ لە کارکردنی سازکرابوو، لە شارەکانی رۆماو ناپولی، نمایشی فیلمە سینەماییەکانی کرا، کەناڵە تەلەفزیۆنییە فەرمیو تایبەتەکانیش بەرنامەی تایبەتیان لەسەر ئەو خانمە ئەکتەرە پێشکەش کرد، کە تا ئەم ساتە رۆحی منداڵێك لەجەستەیدایەو لەوپەڕی رووخۆشیو چالاکیدایە.

سۆفیا، کە ژیانی منداڵیی بە هەژاریی لە(ناپولی) بردوەتەسەرو ئێستا یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی ئیتالیا، ساڵی ٢٠٠٥ کە لە دەرهێنانی ئیدواردو بونتی بەشداریی فیلمی (لەنێوان دوو نامۆدا)ی کردووە، جەختی کردوەتەوە کە بەردەوام وەك هونەرمەندێکی بەتوانا خاوەنی بەهرەیەکی لەبن نەهاتووە.

ئەم خانمە ئارەزووی لە ئەدەبیاتەو بە چوار زمانی جیهانیی دەخوێنێتەوە، لەژیانیدا دەنگی نەداوەتە پارتێکی سیاسیی، بەڵام (وەك خۆی دەڵێت) گەر پێویستی کرد ئەوا دەنگ بە چەپی ئیتالی دەدات.

## هەزاران بەڵگەنامە بۆ کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

**و. دانش**

یەکێك لەخاوەنانی کتێبو وێنەو بەڵگەنامەکان بڕی پێنج هەزار بەڵگەنامەی دەگمەنی پێشکەش بەکتێبخانەی ئەسکەندەرییە کردوە.

موکەڕەم مەلتی خاوەنی بەڵگەنامەکان، ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئەو سامانە بەنرخە مێژووی فەرمانگەی سونییان لەسەرە کە بەرپرس بووە لە بەڕێوەبردنی موڵکەکانی شا (خدێوی ئیسماعیل)و نەوەکانی.

بەڵگەنامەکان بریتین لە ژمێریاریی ئەو فەرمانگەیەو موڵكو ماڵی تایبەتو کشتوکاڵی شاو ژمارەیەك لە بەڵگەنامەی دیوانی بازرگانی سەردەمی محەمەد عەلی پاشاو لێکۆڵینەوەکانی سەردەمی شۆڕشی عەرابیو سوتاندنی شاری ئەسکەندەرییە لەلایەن بەریتانیاوە لەساڵی ١٨٨٢دا.

القبس ٢٠١٠/٧/٢٧



تابلۆیەکی فیرعەونی لەکتێبخانەکەدا

## جلوبەرگ لە کاغەز

**ئا. بێستون فەرهاد**



شتێکی ئاساییە کە جلوبەرگمان لە قوماش یان چەرم بێت، بەڵام ئەی ئەگەر لە کاغەز دروستکرابێت؟

لەم دواییانەدا دیزاینەری بۆلیڤی ماریۆن ماکیدۆ چەندین دیزاینی جلوبەرگی خانمانەی لە لاپازی پایتەختی ئەم وڵاتە نمایشکرد کە مادده سەرەکییەکانی لە کاغەزو بابەتی دووبارە دروستکراو (ریسایکل) پێکهاتبوو.

جگە لەم بیرۆکە سەیرو سەمەرەیە، کێشی جلوبەرگەکان سووك بوونو رەنگەکانیشی جوانو درەوشاوەبوون.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا لە رۆژی بارانباریندا، دەکرێ ئەم جلوبەرگانە بپۆشرێن؟!






خزمەتگوزاریی میلۆدی

دەتەوێت خۆشەویستانت دڵخۆش وئاسودە بکەیت کاتێک پەیوەندیت پێوە دەکەن؟ ئاسیاسێڵ ئەمڕۆ خزمەتگوزاریی میلۆدیت پێشکەش دەکات بەشێوەیەک کە ئەوەی پەیوەندیت پێوە دەکات هەر جارە و گوێی لە ئاوازێک بێت وبەهەرزمانێک هەڵیدە بژێریت. لەگەڵ میلۆدیدا ژیانت خۆشتر دەبێت.

– بۆ کاراکردن ژمارە ٣٠٠ لێبدە ورێنماییەکان جێبەجێ بکە یان ژمارە ١ بنێرە بۆ ژمارە ٣٠٠
– بۆ لابردنی ئەم خزمەتگوزارییە ژمارە ٢ بنێرە بۆ ژمارە ٣٠٠
– نرخی مانگانە تەنها ١٠٠٠ دینارە و نرخی دانانی گۆرانییەک تەنها ٥٠٠ دینارە
– دەتوانیت کۆی گۆرانییەکان لە ماڵپەڕی melody.asiacell.com ببینیت

ئاسیاسێڵ کۆماندەکاتەوە

خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١ www.asiacell.com



سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران: ئاری بابان – شێرزاد سەعید

ستافی کارا: ساکار عەلی عەبدوڵڵا – تابان حەسەن

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی: بەیان عەلی – بەهرە عیزەدین

کارگێڕی: ئاشتی دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣٢٠٢٧١٦، ٠٧٧٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com